USAID | العراق
من الشعب الأمريكي

MercyCorps
Be the change

پلاندانان و پلاندانانی ستراتیژی

ئامادەکردنی مافپەروەر

هوگر چەتۆ

2015

ICNL

Internews
Local voices. Global change.

Mercy Hands
For Humanitarian Aid
جمعية أيادي الرحمة الأنسانية

PAO
ریکخراوی ئاریاکەوتنی میللی

پلاندانان
و
پلاندانانی ستراتیجی

ئامادەکردنی
مافپەروەر: هۆگر چەتۆ

2015

خشتەی ناوەڕۆک

چاپتەری یەکەم 6
پێناسەی پلاندانان چییە؟ 6
چاپتەری دووەم 17
پلاندانانی ستراتیجی چییە؟ 17
چاپتەری سێیەم 41
فۆرمی پلانی ستراتیجی 41
چاپتەری چوارەم 77
پلانی جێبەجێکاری بۆ ماوەی یەک ساڵ 77

پوختەیەک لەسەر پرۆژەکە:

بەرفراوانکردنی بەشداریی لە ڕێی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە (بەشداریپێکردن) بریتییە لە پرۆژەی پتەوکردنی بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی/هاوواڵتی کە سێ ساڵ دەخایەنێت. پرۆژەکە لە لایەن ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی (USAID) دارایی دەکرێت و لە لایەن ڕێکخراوی میرسی کۆرپ و یەکێتیی هاوبەشەکانی-ەوە جێبەجێ دەکرێت کە بریتین لە ئینتەرنیوس (Enternews)ی ئەمریکی، بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ICNL)، ڕێکخراوی دەستەکانی مهیرەبانی (MH) و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO).

ئامانجی پرۆژەکە بریتییە لە کارکردن لەسەر سیستەمە دیموکراسییەکان عێراق بەرەو بەشداریپێکردنی زیاتر و چووستی زیاتر لە ڕێی کاری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بە مەبەستی قووڵکردنەوەی بەشداریی هاوواڵتیان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا. لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆژەکەدا، (بەشداریپێکردن) جەخت دەخاتە سەر پشتگیریی دەستەپێشخەرییەکان بۆ: بەرفراوانکردنی بەشداریی چالاکی هاوواڵتیان لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراسیی عێراقدا، و پتەوکردنی توانا ڕێکخراوی و دەستگاییەکانی چەند ڕێکخراوێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەروەها بە مەبەستی زیاترکردنی کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر دروستکردنی بڕیارەکانی سیاسەتی گشتیی و چاکترکردنی ئەو ژینگە یاسایی و ڕێکخراوی و توانایییەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری تێدا دەکەن، هەروەها بۆ سوود وەرگرتن لە پسپۆڕی و شارەزایی کۆدەستەیی زیاتر لە نۆ ساڵ کاری ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری هاوکاریی مەدەنیی عێراقییەکان کار دەکەن، ئەو عێراقییانەی کە جەنگەکان زیانێکی گەورەی پێگەیاندوون.

چاپتەری یەکەم

پێناسەی پلاندانان چییە؟

پرۆسەی پێشبینی کردنی ئایندە و ئامادەکاریی ڕێوشوێنەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ئایندەیە.

بەم شێوەیە، پلاندانان بریتییە لە:

- پرۆسەیەکە لە چەند قۆناغێک یان چەند هەنگاوێک پێک دێت.
- ئامادەکارییە بۆ ئایندە لە ئێستادا.
- دیاریکردنی بوارەکانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەردەست بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.
- کارێکی هزریی دانا و ڕێکوپێکە بۆ چالاکیی جۆراوجۆری کارگێڕیی.

کەواتە، چەمکی پلاندانان: پلاندانان چالاکییەکە تێیدا کارگێڕی بڕیار لەسەر ئەو کارانە دەدات کە دەیەوێت بیکات، چی بکات، کەی، لە کوێ، لە لایەن کێ، و سەرچاوە پێویستەکان کامانەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە؟

بایەخی پلاندانان بریتییە لە:

1- پلاندانان ئەرک و پەیامی سەرکردایەتی ئاسان دەکات، و رۆڵی کارمەندەکان دیاری دەکات.
2- دەبێتە هۆی بەفیڕۆ نەدانی سەرچاوەکانی بەردەست.
3- دیدگە (رؤیا، Vision)ی بەڕێوەبەران و کارمەندان ڕۆشن دەکاتەوە و توانای ئەنجامدانیان زیاتر دەکات.
4- دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی هەڵەی بڕیاری هەڕەمەکی، و هاوکاری دەکات لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەدیل (جێگرەوە، Altenerative) بە شێوەیەک کە گەرەنتییان زیاترە و مەترسییان کەمترە.
5- قۆناغەکانی کارەکە و هەنگاوەکان پێویستەکان دیاری دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە دانراوەکان.
6- پلاندانان ڕێگە خۆش دەکات بۆ دانانی پێوەری بابەتییانە بۆ هەڵسەنگاندن.
7- هاوکار دەبێت لە بەدیهێنانی ئارامیی دەروونی بۆ کارمەندان.
8- ڕێگە خۆش دەکات بۆ دۆزینەوە و ناساندنی گرفتەکان و هەر لادانێک لە ئایندەدا ڕووبدات، هەروەها ڕێگە خۆش دەکات بۆ چارەسەرکردن و ڕاستکردنەوەیان.
9- هاوکار دەبێت بۆ دۆزینەوەی خاڵەکانی بەهێزی و لاوازیی ڕێکخراوەکە.
10- ڕێگە خۆش دەکات بۆ خۆلادان لە ئەگەری ئاڵۆگۆڕی ڕەوشەکان لە ئایندەدا و یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕێچکەی ڕووداوەکان.

جۆرەکانی پلاندانان:

بە گوێرەی ماوە (کات)

کەمتر لە ساڵێک	١ -٣ ساڵ	سێ ساڵ و زیاتر
پلانی کورتخایەن	پلانی ماماوەندی	پلانی درێژخایەن

ڕاهێنانی کرداریی: بەشداربووان دابەش دەکرێن بۆ سێ گروپ، و هەر گروپێک وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: (جیاوازی چییە لە نێوان پلانی جێبەجێکردن و پلانی ستراتیجی)؟

وەڵام: پلانی ستراتیجی و پلانی جێبەجێکردن

ئاستی باڵای کارگێڕی	پلاندانانی ستراتیجی	پلانی گشتیی وەزارەتی پەروەردە و خوێندن
ئاستیی ماماوەندیی کارگێڕیی	پلاندانان لە ئاستی ماماوەندیی کارگێڕییدا (چالاکیی تەرخانکردنی سەرۆک)	پلان بۆ بەرنامە (مەنهەج)ی خوێندن و گەشەپێدانی
ئاستیی سەرپەرشتیاریی	پلانی جێبەجێکردن (دانانی خشتە)	پلان بۆ گەشەپێدانی مەنهەجی عەرەبی یان مامۆستاکان.

پلاندانانی جێبەجێکردن چییە؟

کێ ئەم کارە دەکات؟ (فەرمانبەران).
چۆن کارەکە جێبەجێ دەکرێت؟
یەکەی کارگێڕی دەتوانێت چەند کار بکـــات لە مـــاوەیەکی زەمەنـــی دیـاریکراودا؟ (کـاتژمێر، رۆژ، مانـگ، ساڵ).
لە کوێ کارەکە ئەنجام دەدرێت (ئایا لە یەکەی أ، یان ب، یان ج)؟
ئەم کارە کەی تەواو دەکرێت؟

پێوەرەکانی پلاندانانی باش چییە؟

پێوەری یەکەم: تەبا بێت لەگەڵ بەها گشتییەکان و بەها کرداریەکانی مرۆڤ.
پێوەری دووەم: لەو پەیام (رسالة، Mission)ەوە سەرهەڵبدات کە لە خود و دیدگەیەکی دیاریکراوەوە هەڵقوڵا بێت.
پێوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی ئەولەویاتی مرۆڤ بێت، بە شێوەیەک کە پلاندانانەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەولەوییاتەکانی مرۆڤەکان بێت.

پێوەری چوارەم: هاوسەنگ بێت، لایەنێکی پلاندانان بااڵڵ نەکات بەسەر لایەنێکی تردا، جەخت نەخاتە سەر ئامانجێک و ئامانجەکانی تر فەرامۆش بکات.

بۆ نموونە: کاتی تەرخانکردن بۆ کاتبەسەربردن (ترفیە) بااڵڵ نەبێت بەسەر ژیانتدا لەسەر حسابی کاتی تەرخانکراو بۆ پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکان.

پێوەری پێنجەم: واقعی بێت، بتوانرێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت و چاالکییەکان دیاریکراو بن، هەروەها کات و توانای بەردەست و توانای کەسەکە ڕەچاو بکات.

ئەی چارەنووسی خەونەکانمان؟

ئایا خەونەکانمان بەشێکن لە پرۆسەی پلاندانان؟

سوودەکانی پلاندانان:

- ئامانجی کۆتاییت ڕوون دەبێت لەالت.
- متمانەت بەوە دەبێت کە کاری ڕۆژانەت ئامانجێکی هەیە.
- دەتوانیت بە شێوەیەکی بابەتیانە (موضوعی، objective) شیکار (تحلیل، Analysis) بکەیت.
- بیرکردنەوەت بە شێوەیەکی مەنهەجی دەبێت.
- دەتوانیت سوود لە خاڵەکانی بەهێزیی کارەکەت یان پیشەکەت وەربگریت.
- خاڵەکانی الوازیی کەم دەکەیتەوە.
- کارەکان جێبەجێ دەکەیت.

هاوکێشەی "سەرکەوتن" چییە ؟
ڕاهێنانێکی کرداریی

ئامانجی ڕوون و دیاریکراو + پلاندانانی دروست + جێبەجێکردن بە ئامرازی گونجاو + هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە = بەدیهێنانی ئەنجامەکان

پرۆسەی پلاندانان (عملية التخطيط The Planning Process)

پرۆسەی پلاندانان بایەخێکی گەورەی هەیە ئەگەرچی تەنانەت داڕشتنی پلانی ستراتیجی بۆ داڕشتنی نووسراوێک بێت. هەر بۆ خۆی دەبێت بە وانەیەک و شتی لێ فێر دەبین. پلاندانان دەرفەتێک دەبێت بۆ هێزی شاراوەی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، و هانی ئەدای باشتر دەدات لە کارکردن.

پلاندانان بۆ پرۆسەی پلاندانان

ئەگەر بڕیارت دا خۆت سەرقاڵی پلاندانانی ستراتیجی بکەیت، لەبیر بێت:

- جەخت بکەوە لەوەی دەستگاکە ئامادەیە بۆ پرۆسەی پلاندانان و ئاستی جۆراوجۆری دەستگاکەت پێی ڕازی بووە.
- هەوڵ بدە مەزەندەی ئەو کاتە بکەیت کە هەر کەسێک پێویستی پێیەتی، و هەوڵ بدە هێندەی بکرێت کەمی بکەیتەوە.
- مەزەندەی وزەی وەبەرهێنراوی هەر تاکێک بکە لە پرۆسەکەدا.
- بزانە کێ پرۆسەی پلاندانان بەڕێوە دەبات، و کێ بڕیاری کۆتایی دەدات.
- بە ڕوونی ئەو کەسانە دیاری بکە کە پێشبینی دەکەیت بەشداری بکەن لە قۆناغەکانی پلاندانانـدا (بـۆ نمـوونە، ئایـا دەتەوێـت سـوودمەند (الزبـون، کڕیـار، بەکـاربەر) بەشـداری بکـات لە ستراتیجی داراییدا؟)
- جەخت بخەرە سەر ڕێزگرتن لە نهێنی و توخمە گشتییەکان لە پرۆسەی پلاندانان.
- کاتێک هەڵبژێرە بۆ پلاندانان کە گونجاو بێت لەگەڵ چالاکییەکان و پابەندێتییەکان (التزامات)ی ڕێکخراوەکەت.
- بگەڕێ بۆ هەندێک تەکنیک بۆ تەحەدی کردنی دەستگا قازانج-نەویستەکەت.
- پێشوەخت گەشە بدە بە سیستمەکانی چاودێری.

- دەستگایەک ئەم خشتەیەی خوارەوەی داڕشتووە بۆ پرۆسەی پلاندانان:

هەنگاوەکان	کەی	بەرپرس	بەشداران	ماوەی کۆبوونەوە
1- ڕەزامەندی لەسەر هەنگاوەکانی پلاندانان	هەفتەی یەکەم	فلان (بە بەشداریی راوێژکار)	بەڕێوەبەری گشتیی، سەرۆک، بەڕێوەبەرێکی ئاست بەرز	دوو کاتژمێر
2- دابەشکردنی زانیاری لەسەر پلاندانان	هەفتەی یەکەم	فلان (بە بەشداریی راوێژکار)	فۆرم بەسەر ئامادەبوان دابەش دەکرێت	
3- پێداچوونەوەی پەیام و دیدگە	یەکەم رۆژەکانی هەفتەی دووەم	فلان (بە بەشداریی راوێژکار)	دەستەی کارگێڕی، بەڕێوەبەری جێبەجێکار، کارمەندان، هاوبەشەکان	دوو کاتژمێر
4- شیکردنەوەی سواتSOWTو لاپەڕەی کارPortfolio	بەشی دووەم لە هەفتەی دووەم	فلان (بە بەشداریی راوێژکار)	دەستەی کارگێڕی، کارمەندان، خۆبەخشان	پێنج کاتژمێر
5- ئامانجە ستراتیجییەکان و هەڵبژاردەکان	یەکەم رۆژەکانی هەفتەی سێیەم	سەرۆکی دەستەی کارگێڕی (بە بەشداریی راوێژکار)	دەستە، کارمەندان، سوودمەندان/ بەکاربەران	پێنج کاتژمێر
6- پلاندانانی دارایی	دواییین رۆژەکانی هەفتەی سێیەم	سەرۆکی دەستەی کارگێڕی (بە بەشداریی راوێژکار)	دەستە، کارمەندان، سوودمەندان/ بەکاربەران	پێنج کاتژمێر
7- ڕەشنووسی	یەکەم	بەڕێوەبەری	بەسەر هاوبەشەکانی	کۆبوونەوە

یەکەمی پلانەکە	رۆژەکانی هەفتەی چوارەم	گشتیی (بە بەشداریی راوێژکار)	ڕێخراوەکەدا دابەش دەکرێت	پێویست ناکات، سەرنجەکان بە نووسراو بۆ بەڕێوەبەر بەرز دەکرێتەوە
8- پێداچوونەوەی ڕەشنووسەکە و ئامادەکردنی نوسخەی کۆتایی	کۆتایی هەفتەی چوارەم	بەڕێوەبەر (بە بەشداریی راوێژکار)	سەرجەم ئەوانەی سەرنجیان هەبووە لەسەر پلانی کار	خولی کۆتایی هەفتە
9- جێبەجێکردنی پلانەکە و پێداچوونەوە	ساڵانە خولێکی دوو رۆژی بۆ پێداچوونەوەی ساڵانە	سەرۆك (بە بەشداریی راوێژکار)	هاوبەشەکان	کۆبوونەوەکانی کۆتایی هەفتە

ئەم پلانە تێروتەسەلە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ڕێکخراوی قازانج-نەویست لە ماوەی مانگێکدا پرۆسەی پلاندانان تەواو بکات، بەڵام بە گوێرەی ڕێخکراوەکەش ئەمە دەگۆڕێت. پلاندانانی ستراتیجی پرۆسەیەکی بنەڕەتییە بەڵام نابێت پەلە بکرێت لە ئامادەکردنیدا.

ئایا پێویستە ڕێکخراوەکەت دەست بە پرۆسەی پلاندانانی ستراتیجی بکات؟

- ئەمەی خوارەوە ئەو پرسیارانەیە کە دەتوانین لە ڕێکخراوەکەی بکەین. و بە گوێرەی ئەنجامی پرسیارەکان بڕیار بدرێت لەسەر پلاندانان یان وازهێنان لێی.

- **وەڵامی گونجاو بۆ دەستگاکەت هەڵبژێرە:**

	ڕاست هەڵە
دەستگاکەت بە تەواوەتی سەربەخۆیە لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا	
کەسە سەرەکییەکان (دەستە، کارمەند، سوودمەند) پابەندن بە پلاندانان	
بە هۆی قەیرانێکی گەورەوە تواناکانمان زۆر دادەبەزێت	
دەتوانین بایەخ بە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی دەستگاکەمان بدەین	
دەستگاکەمان زوو گەورە بوو، تەنێ بەڕێوەبەر ئاگای لە هەموو کاروبارەکانە	
دڵخۆش دەبین ئەگەر بتوانین بەرنامەی داهاتوومان جێبەجێ بکەین، بە بێ ئەوەی باسی بەرنامەی داهاتوو بکەین	
هەمووان دەزانن بۆچی لە دەستگاکە ئیش دەکەن و بۆچی دەستگاکەمان دامەزراندووە	
پێویستبوونی خزمەتگوزارییەکان تا دێت زیاد دەکات بەڵام سەرچاوە بەردەستەکان بەشی جێبەجێکردنی هەموو پێویستییەکان ناکات	
کارگێڕیی باڵای دەستگاکە لەبەر هەندێک بابەتی بنەڕەتیی، تووشی دابەشبوون بووە	
زۆربەمان بڕوامان وایە پلاندانانی ستراتیجیی دروستە وباشە بەڵام جیهانەکە خۆی نالۆجیکییە	
نازانم ئاخۆ سالّی داهاتوو لێرە دەمێنمەوە یان نا بۆیە ئایندەی دەستگاکە ڕوون نییە	
کەشێکی پر لە تامەزرۆیی هەیە بۆ دانانی پلانی ئایندەی دەستگاکە	

ئەگەر ١٠ وەڵام بەسەر دەستگاکەتدا بچەسپێت، کەواتە ئێوە ئامادەن دەست بکەن بە پلاندانانی ستراتیجی. پێشنیار دەکەین دەست بکەن بە کار و بگەڕێنەوە بۆ ئامۆژگارییەکانی ئەم نامیلکەیە. بەڵام ئەگەر ١٠ دانەیان نەچەسپا بەسەر دەستگاکەتدا کەواتە زەحمەتە بتوانن کار لەسەر پلاندانانی ستراتیجی بکەن لە ئێستادا و باشترە چاوەڕێی کاتی گونجاو بکەن.

- یان ئامادەیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی زەحمەتییەکی زۆر لە کاتی پرۆسەکەدا.
- تکایە بیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە لەگەڵ هاوڕێکانت تاوتوێ بکە سەبارەت دەستپێکردنی پلانی ستراتیجی.
- هیوادارم سەرکەوتوو بن لە کارەکانتان بەو هیوایەی لە ئایندەدا پەیوەندییمان هەبێت.

چاپتەری دووەم

پلاندانانی ستراتیجی چییە؟

پلانی ستراتیجی بریتییە لە نامیلکەیەکی نووسراو کە وەک ڕێبەرنامەیەکی کار بۆ ماوەی دڕێژخایەن بەکاردەهێنرێت (لە ٣ تا ٥ ساڵ) بۆ دەستگایەک. پلانێک بەرهەم دێت کە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- بۆچی ڕێکخراوەکە/دەستگاکە؟
- چی دەکات؟
- بەرەو کوێ؟
- چۆن بگاتە ئەو شوێنە؟

پلانی ستراتیجی چی تێدایە ؟

پلانی ستراتیجیی سەرکەوتوو ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:

1- دیدگە (ڕۆیا، vision)ی ڕێکخراوەکە، پەیامەکەی و بەهاکانی.
2- شیکردنەوەی دامەزراوەییانە کە هاوبەشەکانی ڕێکخراوەکە دیاری دەکات، لەگەڵ خاڵەکانی لاوازی و بەهێزی و دەستکەوتەکانی.
3- ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراوەکە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەکات لە سێ تا پێنج ساڵی داهاتوودا.
4- خشتەی کات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانج و مەبەستانە.
5- هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان، ئەم پلانە نووسراوە زۆر گرنگە بەڵام پرۆسەکەش لە داڕشتن و لە تەواوکردنی ئێجگار پڕبایەخە.

دیدگە (الرؤيا، The Vision)

هەنگاوی یەکەم لە داڕشتنی پلانی ستراتیجی سەرکەوتوو بریتییە لە دیاریکردنی دیدگەی ڕێکخراوکە. ڕێککەوتن لەسەر دیدگە کارێکی ئاسانە لە هەندێک دەستگا/ڕێکخراو، بەڵام لە هەندێکی تر کاتی زۆر دەوێت. چەندین دەستگای قازانج-نەویست هەمان دیدگەیان هەیە:

- دیدگەی ئێمە بریتییە لە باڵادەستیی ئاشتی
- دەمانەوێت منداڵان دڵخۆش بکەین.
- دەمانەوێت جیهانێک دروست بکەین کە هەموان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بژین

- **خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندنی دیدگە:**

- دەڕوانێتە ئایندەی دریژخایەن.
- کورتە و پوختە.
- هەموان بە ئاسانی لە ماناکەی تێدەگەن.
- باسی قۆناغێکی سەقامگیر دەکات.
- دەشیت چەند ڕێکخراوێک هەمان دیدگەیان هەبێت.

- **ئایا دەتوانن دیدگەی خۆتان بە گوێرەی ئەم پێوەرانە بنووسن؟**

بەهاکان و فەرهەنگ (Values And Culture)

پێویستە دیدگەی ڕێکخراوەکە ڕەنگدانەوەی بەها بنەڕەتییەکانی بێت. ئایا ئەوەت ڕەچاو کردووە کە خەڵک چۆن سەیری خۆت و دەستگاکەت/ڕێکخراوەکەت دەکەن؟ ئایا سەیری ئەو بەهایانەت کردووە کە دەستگاکەت بە یەکگرتوویی دەهێنێتەوە؟ دەتوانرێت بەها دامەزراوەییەکان بنووسرێنەوە، بەڵام مەحاڵە جێبەجێ بکرێن ئەگەر کارمەندەکان ڕێزیان لێ نەگرن. بەها دامەزراوەییەکان بریتین لە بابەتی وەک دەرفەتی یەکسان، و وەرگرتنی بڕیار بە هاوبەشی یان کارایی. ئەو ڕێکخراوەی قازانج-نەویست بێت و هەندێک بەهای دیاریکراوی هەیە ئەوە دەبێت بە ڕێکخراوێک کە دەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات و سیاسەتەکانی لەسەر ئەم بەهایانە دابمەزرێنێت. تا زووتر بەهاکان دیاری بکەین، کاری دەستگاکە لە ئایندەدا باشتر دەبێت. زۆر گرنگە لیستەیەک دابڕێژین بەو بەها و پرەنسیپانەی کە دەستگاکە بڕوای پێیان هەیە و ئنجا وردە وردە بگۆڕێن بۆ فەرهەنگ و کلتووری دەستگاکە و لە بنیاتنانی سیاسەتەکاندا بکرێن بە بناغە.

ئەو بەهایانە کامانەن کە دەستگا قازانج-نەویستەکەی تۆ بڕوای پێیان هەیە و دەتوانن پشتی پێببەستن؟

ڕەنگە بەها شەخسییەکانت بابەتی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت وەک کرانەوە و لێبوردەیی و ڕاستگۆیی. تۆش بەشێکیت لە دەستگاکەت نە تەنها لەبەر پسپۆڕی و تواناکانت لە بواری کارەکەت بەڵکو هەروەها لەبەر ئازایەتیی و بوێریی شەخسییت. تۆ و دەستگاکەت و ئەوانەی تر بەهای هاوبەشتان هەیە.

ئایا بەهـا شەخسـییەکانت دەنووسـیتەوە ئەوانەی کە گونجـاوە لەگەڵ ڕێکخراوەکەت و خۆت و ڕێکخراوەکەت بڕواتان پێی هەیە؟
ڕێکخراوێکی پۆڵەندی، قـازانج-نەویست، بە گـوێرەی بەهاکـان و خـاڵە بەهێزەکانی ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاندووە:
مـرۆڤ، سـەرچاوەی سـەرەکیی دەسـتگاکەیە، بـۆیە بـایەخێکی گەورە دەدەیـن بە هەڵبژاردنـی کارمەنـدەکانمان و سیسـتمی بەڕێـوەبردنی کارمەندان، و هەوڵی بەردەوام و چڕ دەدەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفە و کارزانیەکانیان. پتەوکردنی توانای گروپی کارمەندان دەبێتە مـایەی جێبەجێکردنـی ئەرکەکـانی دەسـتگاکە بە باشـترین شـێوە. ئەم ئامـانجە سـەرەڕای کـاری یەکەکـانی دەسـتگاکە بـریتین لە چوارچێـوەی کاری "بنکەی فەرمانبەران"ی سەر بە دەستگاکە.

پەیام و ئەرک (المهمة ، The Mission)

زۆر گرنگە دیدگە و بەیانەکەی ڕوون بن بۆ ئەو پەیامەی دەیگەینین. بەیانی پەیام (بیان المهمة) ئەو بابەتەیە کە دەستگاکەت لە دەستگاکانی تـری خـاوەن هەمـان دیـدگە جیـا دەکـاتەوە. دەشـێت بگەیـن بە هەمـان مەبەست و هەمان دیدگە بەدی بهێنین بەڵام بە شێوازی جیاواز.

پێویسـتە دەسـتگاکەت بڕیـار بـدات کە کـامە ڕێگە (واتە کـامە پەیـام) بەکاردەهێنێت بـۆ گەیشـتن بە دیـدگەکەی، بـۆ ئەوەی دەسـتگاکە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە پێویستە تێگەیشتن لە دیـدگە سـەرجەم ئاسـتە جۆراوجۆرەکان بگرێتەوە.

کاتێک پرسیار دەکرێت پەیام و ئەرکی رێکخراوەکەتان چیە و رێکخراوەکەتان دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت، پێویستە وەڵامەکان ئەم خالانە لەخۆبگرن:

پشتگیری و گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە رێی بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و زانیاری وفەرهەنگی و لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان کە کار دەکەن بۆ گەشەپێدانی بازاڕ و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و کلتووری مافی مرۆڤ لە کوردستان.

رۆڵی بەیانی ئەرک و پەیام (المهمة ، mission) چییە؟

پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

- ئێمە کێین؟ و خزمەتی کێ دەکەین؟ (هەروەها، لە کوێ و چۆن؟)
- ئامانجی گشتیی دەستگاکە روون دەکاتەوە.
- دەربڕی بەهاکانی رێکخراوەکەیە.
- کورتە و داینامییکییە.
- تایبەتە بە سەرجەم دەستگاکە
- کارلێک دەکات لەگەڵ گۆراوەکان و رەوشەکان..
- ناوبەناو پێداچوونەوەی دەکرێت و ئەگەر پێویست بوو دەستکاری دەکرێت.
- جەخت دەخاتە سەر بەکاربەر.
- جەخت دەخاتە سەر ئەنجام نەوەک چالاکییەکان.

نموونه : دەستگایەک لە هەنگاریا دیدگەیەکی ڕوونی پێشکەش کرد بەڵام بەیانی پەیامی لەبیر چوو، ئەمەش ڕیسواییەکی گەورە بوو لە سەرتاسەری وڵات.

دیدگەی دەستگاکە تایبەت بوو بە هاوکاریی ئەو منداڵانەی کە تووشی ڤایرۆسی ئایدز-سیدا بوون، هاوکارییان بکات تا نەمرن و لە ژیان بەردەوام بن. ئەندامانی ڕێکخراوەکە و لایەنگرەکانی پابەند بوون بە هاوکاریی دەستگاکە لەبەرئەوەی هاوکاریی دارایی پێشکەش بەو منداڵانە دەکرد کە تووشی ڤایرۆسی ئایدز بوون.

لێژنەی وەرگرتنی بڕیار لە دەستگاکە پێی وایە کە پێویستە هاوکاریی منداڵانی تووشبوو بکرێت، بەڵام هەروەها، هاوکاری ئەو منداڵانەشی دەکرد کە تووشی دەردەکە نەبوون ئەوانەی کە ژیانیان کاریگەری لەسەر دەبێت لە ئەنجامی منداڵە تووشبووەکان، و دەستگاکە کاری دەکرد بۆ سنووردانان بۆ تەشەسەندنی نەخۆشییەکە. کاری پێویست بۆ هەر یەکێک لەو دوو ئەرکە، جیاوازە.

بۆ یەکەمیان پێویستە هەموو ئەو هاوکارییانەی دەستگاکە پێی دەگات بیدات بەو منداڵانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون، بەڵام ئەوەی دووەم پێویستی بە وەبەرهێنانی کۆشس و سەرچاوەی دارایی هەیە بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵە تەندروستەکان.

ئێمە دەبێت لەسەر پرسیارە بنەڕەتییەکان ڕێک بکەوین پێش ئەوەی دەست بکەین بە پلاندانان و جێبەجێکردن.

بە گوێرەی ئەو خەسڵەتە دیاریکراوانە، لەم خانەیەدا بەیانی ئەرک و پەیام، بنووسە

2- ئەنجامدانی شیکردنەوەی دامەزراوەیی (اجراء التحليل المؤسساتي Conducting Organizational Analysis)

پێداچوونەوەی وانەکە لەگەڵ ڕوانین لە ئایندە

زۆر جار باشترین ئەنجاممان دەست دەکەوێت لە ڕێی شیکردنەوەی دەستگایەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی سروشتی و نافەرمی بۆ نموونە لە کاتی چا خواردنەوە لە کاتێکدا کە هەموان هەست بە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن و ئارامن. ئەم زانیارییانە زۆر گرنگ و پێویستە بە هەمان شێوە لە کاتی پلاندانانداکەشێکی ئارام باڵی کێشا بیت.

بۆ زانینی ئەوەی هاوبەشەکان (الشركاء) کێن دەتوانین خشتەی شیکردنەوە دابڕێژین. پێویستە شیکردنەوەی بەرنامەکان (تحليل برامج Portfolio) پشت بەم سێ توخمە ببەستێت کە هاوکاریمان دەکەن لە داڕشتنی بۆچوونەکان سەبارەت دەستگاکە، و بۆ ئەوەی باشترین ئەنجاممان دەست بکەوێت لە پرۆسەی پلاندانان.

کێ بایەخ دەدات، شیکردنەوەی هاوبەشەکان؟

ئایا بیر لەوانە دەکەیتەوە ئەوانە کێن کە بایەخ بە دەستگاکەت دەدەن؟

زۆر گرنگە لایەنگرەکان دیاری بکەیت، و بۆچی پشتگیری دەستگاکەت دەکەن. ئایندەی دەستگاکەت بە پلەی یەکەم پشت بەو تاکەکەس و دەستانە دەبەستێت کە بایەخ بە چالاکییەکانت دەدەن. هەر یەکێکیان پاڵنەری خۆی هەیە و باکگراوندی جیاوازی هەیە. بۆیە زۆر گرنگە بۆچوونەکانیان ڕەچاو بکەیت کاتێک پلان دادەنێیت بۆ دەستگاکەت. بەو

کەسانە دەگوترێت هاوبەش الشركاء"Stakeholders"، بۆ نموونە کاتێک هاوبەشەکانمان دیاری دەکەین پێویستە سوودمەندەکان/بەرکارەکان بە هاوبەش دابنێن وەک رێکخراوەی قازانج-نەویست. کاریگەری کارێک یان خزمەتگوزارییەکی دەستگاکە چییە لەسەر پیشەیەک یان بازرگانییەک، لەسەر حکومەت، کۆمەککارەکان، قوتابخانەکان، یان زەویی کشتوکاڵی، تاد. کاتێک لیستەی ناوی هاوبەشەکانت تەواو کرد، ئەوسا وا باشترە جارێکی تر پرسیارەکە بکەیتەوە بۆ ئەوەی کەست لەبیر نەچێت.

رێکخراوێکی قازانج-نەویست لیستەیەکی دانا بۆ هاوبەشەکانی و بە گوێرەی بایەخەکەیان پۆلێنی کردن بۆ:

1-سوودمەند لە خزمەتگوزارییەکان (کڕیار، بەکاربەر، هتد).
2-حکومەتی خۆجێی
3-کارمەندانی دەستگاکە
4-ئەندامانی دەستەی کارگێڕی
5-کۆمەککارەکان
6-خۆبەخشەکان

هاوبەشە سەرەکییەکانی خۆت دەستنیشان بکە:

ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت: هاوبەشەکانت. وەک تاکەکەس و وەک کۆمەڵ، جەماوەری تۆن و بریتین لە کۆمەڵێک سوودمەند و وەبەرهێنەری دەستگاکەت.

شیکردنەوەی "سوات"SWOT

خاڵەکانی بەهێزی، خاڵەکانی لاوازی، دەرفەتەکان، و ئاستەنگەکان هیچ شیکردنەوەیەک سەرناگرێت بە بێ وردبوونەوە و ڕەچاوکردنی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەستگاکە. شیکردنەوەی سوات ئامرازێکی باشە بۆ ئەم مەبەستە و خشتەیەکە لە "خاڵەکانی بەهێزی، خاڵەکانی لاوازی، دەرفەتەکان (یان تواناکان)، و ئاستەنگەکان (یان مەترسییەکان)".

خاڵەکانی بەهێزی و لاوازی بریتین لە فاکتەری ناوخۆیی دەستگاکە.

کاتێک داوا لە ڕێکخراوێکی قازانج-نەویست دەکرێت خاڵەکانی بەهێزی و لاوازی خۆی دیاری بکات ئەوسا ئاساییە لیستەی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنن. زۆر جار خاڵەکانی بەهێزی بریتین لە: کاری پێکەوەیی سەرکەوتوو، میژوویەکی پڕ لە دەستکەوت، بەڕێوەبەرێکی سەرنجڕاکێش، پسپۆڕی شایستە، شوێنی باش، و چالاکیی جۆراوجۆر. ڕەنگە خاڵەکانی لاوازییش بریتی بن لە: دارایی بەش ناکات، ژمارەی خۆبەخشەکان کەمە، گەیاندن و پەیوەندی نێو دەستگاکە لاوازە، تاد.

دەرفەتەکانیش بە گشتیی بریتین لە: هەبوونی تەمویل، بایەخی کۆمەڵگە، چاکترکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکان، پەیوەندی و گەیاندنی نێودەوڵەتی باش، چالاکیەکانی دەستگاکە زۆر پێویستن، هەبوونی سیاسیی باش بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکان. لیستەی مەترسی و ئاستەنگەکانیش ڕەنگە ئەمانە لەخۆبگرێت: زۆریی ئەو دەستگایانەی لەو مەیدانە کار دەکەن، تەمویلی حکومەتی نزیکە کۆتایی بێت، پێشکەوتنی تەکنەلۆجی زۆر خاوە لەناو ڕێکخراوە، ژینگەی ئابووریی هەژارە.

ڕاهێنانێکی کرداری :

پ/ ئایا دەتوانیت شیکردنەوەی سوات SWOT بۆ ڕێکخراوەکەت بکەیت و گرنگترین خاڵەکانی ڕێکخراوەکەت باس بکەیت؟

ژینگەی ناوخۆیی	
خاڵەکانی بەهێزی	خاڵەکانی لاوازی
ژینگەی دەرەکی	
مەترسییەکان (ئاستەنگەکان)	دەرفەتەکان (تواناکان)

لێرەدا گرنگترین پرۆژەکانی دەستگاکەت بنووسە (پرۆژەی بەناوبانگ، یان: پرۆژەی ئەستێرە، Star Projects). ئەمانە ئەو پرۆژانەن کە دەبنە مایەی بەدیهێنانی پەیام و ئەرکی دەستگاکە و دەتوانرێت گەشەیان پێبدرێت، دینامیکی و میللی و داهێنەرانەن.	لێرەدا ئەو پرۆژانە بنووسە کە جێی گومانن Questioned. ئەم پرۆژانە ئەگەریان هەیە ببن بە پرۆژەی بەناوبانگ، بەڵام تا ئێستا ئەمە نەسەلمێنراوە
لێرەدا ئەو پرۆژانە بنووسە کە پارەی باشیان تێدایەCash Cow Projects . دەتوانرێت پشت بەم پرۆژانە ببەسترێت، پرۆژەی سوودبەخشن و تەمویل پەیدا دەکرێت بۆیان و بەڕێوەبردنیان هیچ مەترسییەکی تێدا نییە.	لێرەدا پرۆژە مردووەکان بنووسەDead Projects. ئەم پرۆژانە پێویستیان بە وەبەرهێنانی زۆر هەیە لە سەرچاوەی دارایی و کارگێری زۆر هەیە و داهاتەکەشیان شتێکی ئەوتۆ نییە.

شیکردنەوەی بەرنامەی دەستگا (PORTFOLIO ANALYSIS)

شیکردنەوەی بەرنامە هەنووکەییەکانی دەستگاکە جۆری سێهەمە لە شیکردنەوەی دامەزراوەیی. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: ئێمە ئێستا چی دەکەین؟ ئایا ئەوەی دەیکەین دروست و ڕاستە؟

دوای ئەنجامدانی شیکردنەوەی سوات، پێویستە بچین بۆ شیکردنەوەی بەرنامە هەنووکەییەکان. شیکردنەوەی بەرنامە هەنووکەییەکان ڕێگە خۆش دەکات بۆ پێداچوونەوەی بەرنامەکان بە گوێرەی چەند پێوەرێک. پێویستە بە چاوی ڕەخنەگرانە بڕوانین پرۆژەکانی دەستگاکەمان و بڕیار بدەین ئاخۆ دەبنە مایەی بەدیهێنانی ئەرک و پەیامەکە و ئایندەی دەستگاکە.

دوای تەواوبوونی ئەم شیکارییە، ئەم پرسیارانەی خوارەوە هاوکاریت دەکات بۆ دیاریکردنی هەنگاوەکانی داهاتوو:

- ✓ ئایا دەکرێت ئەو پرۆژانەی جێگەی گومانن بگۆڕین بۆ پرۆژەی ئەستێرە؟
- ✓ ئایا واز لە پرۆژە مردووەکان بهێنین و جەخت بخەینە سەر پرۆژە ئەستێرەکان و پرۆژەی جێی گومان؟
- ✓ ئایا لە بنەڕەتەوە پرۆژەیەک هەیە کە بتوانین پێی بڵێین پرۆژەی ئەستێرە؟ ئەگەر وا نییە، ئەی پێشبینی دەکەیت کام پرۆژە ببێت بە پرۆژەی ئەستێرە؟
- ✓ ئایا ڕەچاوی ئەوەت کردووە کە خزمەتگوزارییەکان وا باوە بە ئاسانی پێشبینییان بکرێت ؟

- ✓ ئایا چیت دەست دەکەوێت لە بەڕێوەبردنی پرۆژەی ئەستێرە و پرۆژەی جێی گومان؟
- ✓ دەتوانیت چی فێر ببیت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژانەی پارەی باشیان تێدایە؟
- ✓ ئایا بەرنامەکانی هاوواڵتیان ڕەنگدانەوەی بەهێزی دەستگاکەت و دەرفەتەکانییەتی؟

دیاریکردنی ئەولەوییات

کاتێک پلانی ستراتیجی دادەنێیت بۆ دەستگاکەت، ڕەنگە واب اشتر بێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەنجامەکانی هەردوو شیکردنەوەی سواتSWOT و بەرنامە هەنووکەییەکانی بەردەست Portfolio Analysis. هەوڵ بدە بە باشترین شێوە سوود وەربگریت لە هاوبەشەکانت، و خاڵە بەهێزەکان و دەرفەتەکان بەکاربهێنیت و ڕێگەچارە بدۆزیتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر خاڵە لاوازەکان و مەترسییەکان.

ڕەنگە نەتوانیت جەخت بخەیتە سەر سەرجەم بوارەکانی شیکردنەوەکە. زۆر گرنگە لیستەی ئەولەویەت دروست بکەیت لە لیستە دوورودرێژەکانت. باشترە نەچیتە قوواڵیی هەموو ئەو بابەتانەوە کە تاوتوێ کراون چونکە ڕەنگە ئەمە ببێتە مایەی وشکبوونەوەی سەرچاوەکانی بەردەستت.

دانانی لیستەی ئەولەویات کارێکی زەحمەتە، چونکە دەبێت واز لە هەندێک کاروبار بهێنیت کە خۆت یان خەڵکی تری دەرەوە بە دڵیانە و مەبەستیانە. بەاڵم ئەمە کارێکی گرنگە و پێویستە هەموو ڕێکخراوێک

ئەنجامی بدات کە دەیەوێت ئەنجامی باشی دەست بکەوێت و جەختی سەرچاوەکانی بخاتە سەر هەندێک بواری دیاریکراو. بابەتی تاوتوێکان بریتین لە بناغەی شیکردنەوەی ورد و دۆزینەوەی خاڵەکانی بەهێزی و دەرفەتەکان. بڕیارەکانیش پێویستە جەخت بخەنە سەر ڕوانینی قووڵی تاکەکان و سوودمەندەکان و بەکاربەرەکانی دەستگاکە. بە شێوەیەک کە پێویستییەکانی ئێمە تەبا بێت لەگەڵ پێویستییەکانی سوودمەندەکان. ئەمەش ئەو بناغەیەیە کە دەبێت کاری لەسەر بکەین کاتێک لیستەی ئەولەویات دادەنێین. دەتوانیت ناو دەستگاکەت و سەرچاوە بەردەستەکان بگەڕێیت (پارە، کارزانیی، تاکەکان) و ئنجا بڕیار بدەیت و ئەولەویاتەکان دیاری بکەیت.

تاوتوێ و ئەنجامی لەسەرخۆی ئەم ڕاهێنانە قووڵە هاوکاریی ڕێکخراوەکەت دەکات بۆ دۆزینەوەی هەندێک هەڵبژاردەی ستراتیجی.

هەڵبژاردە ستراتیجییەکان

لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەکانی پێشوودا، دەتوانیت دەست بکەیت بە پرۆسەی هەڵبژاردە ستراتیجییەکان کاتێک پلانی ستراتیجی بۆ دەستگا قازانج-نەویستەکەت دادەنێیت. ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو پرسیارانەن کە ڕێکخراوی قازانج-نەویست لە خۆی دەکات پێش دانانی ئامانج و مەبەستە ستراتیجییەکانی:

- ئایا درێژە بە گەشەمان دەدەین و بەدواداچوونی دەکەین؟
- دەبێت گروپی بەئامانجگیراو (مستهدف) کێ بێت؟
- ئایا ئەو کارانە ئەنجام دەدەین کە پێویستە ئەنجامیان بدەین؟

- ئایا خواردنی زیاتر بدەین بە لانەوازەکان، یان خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ سوودمەندەکانمان دابین بکەین؟
- ئایا ئەو پارانەی کۆی دەکەینەوە لەسەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ شەکرە خەرج بکەین؟ یاخود یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە شەکرەیان هەیە بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بژین؟
- ئایا بەردەوام بین لە پشتبەستن بە تەمویلی حکومەتی خۆجێی؟
- ئەگەر ژمارەیەکی زۆر دەستگای هاوبەش هەبێت لە ناوچەکە، ئایا هاوکاریی زیاتر بکەین لەگەڵیان؟
- پێویستیی جۆراوجۆر لە ئارادایە، ئایا کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموویان؟
- ئایا نەوجەوانان رۆشنبیر بکەین سەبارەت سێکسی پارێزراو(الجنس الامین SAFESEX) یان هەوڵ بدەین ئەم رۆشنبیرییە بخرێتە ناو مەنهەجی خوێندن؟
- ئایا نووسینگەی هەرێمایەتی دروست بکەین بۆ ئەو بەرنامانەی هاوشێوەی بەرنامەکانی ئێمەیە، یان باشتر وایە لەم رێکخراوەدا کار لەسەر بەرنامەی نوێ بکەین؟
- کۆمەککارە هاوبەشەکان دەیانەوێت پشتگیریی لە خۆپارێزی دژی مادەی هۆشبەر بکەن، ئایا ئەمە رێگەیە بگرینە بەر بۆ پەیداکردنی تەمویل؟
- ئایا کاتی ئەوە هاتووە دەستەکە تازە بکەینەوە و هەندێک پسپۆڕ و شارەزای نوێ بهێنین؟
- ئایا واز لە نووسینگەکەمان بهێنین کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شار و بگوازینەوە بۆ کەناری شار کە لەوێ کرێ هەرزانترە؟

- ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر بێکاریی هەبێت، بۆچی کارەکانمان لەگەڵ خۆبەخشەکان چڕ نەکەینەوە؟
- شێوازی گونجاو چییە بۆ زیاترکردنی بەشداریی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لە چالاکییەکانی دەستگاکەدا؟

ئەو پرسیارانەی سەرهەڵدەدەن و تاوتوێکانیان بخەنە ناو هەندێک خانەی گشتییەوە (بۆ نموونە، تواناکان، دامەزراوەیی، گەشەی سەرکردایەتی، کاروباری تەمویل، دابەشکردنی سەرچاوەکان، هاوکاری و هاوبەشی، تەبایی لەگەڵ بەها و دیدگە و ئەرک و پەیام، هتد.).
لەم ئاستەدا، ئەو بڕیارانەی دەیدەیت کار دەکەنە سەر ئاڕاستەی ڕێکخراوەکە بۆ سێ تا پێنج ساڵی داهاتوو، بۆیە، هەموو ئەو کاروبارانە بە هەند وەربگرە کە لە هەڵبژاردەی ستراتیجیدا حسابیان بۆ دەکرێت، و پێویستە شیکردنەوەی جۆراوجۆر ئەنجام بدەیت بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەو ڕێگەیەی هەڵیدەبژێریت، باشترین ڕێگەیە بۆ ڕێکخراوەکەت.

ئامانجە ستراتیجییەکان (الغايات الاستراتيجية، Strategic Aims)

لەژێر ڕۆشنایی دیدگە و ئەرک و پەیام و ئەنجامی شیکردنەوەکاندا، تۆ ئامادەیی تەواوت دەبێت ئامانجە ستراتیجییەکەت دابڕێژیت، هیچ ئامانجێکی ستراتیجی ڕاست یان هەڵە نییە، ئەو ئامانجەی بگونجێت لەگەڵ دەستگایەک ڕەنگە نەگونجێت بۆ دەستگایەکی تر. ئەگەر دوو دەستگا ئەرک و پەیامەکەشیان هەمان شت بێت ئەوا ئامانجە ستراتیجییەکانیان کە پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنی فاکتەرە

ناوخۆیی و دەرەکییەکان (شیکردنەوەی سوات) جیاواز دەبێت، بۆیە لە دەستگایەکەوە بۆ دەستگایەکی تر جیاوازە.
ئامانجە ستراتیجییەکان بریتین لە مەبەست یان ئامانجە گشتییەکانی ڕێکخراوەکە.
هەندێک ئەولەوییەتی دیاریکراو دەمێنێتەوە بە گوێرەی هەڵبژاردە بەردەستەکان. ئامانجەکانیش ئەو ڕێگەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە ڕێکخراوەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی نموونەیی بیگرێتە پێش. ئامانجە ستراتیجییەکان:
- ئاڕاستەیەکی ڕۆشن پیشان دەدەن.
- واقعیین.
- جەخت دەخەنە سەر ئەنجامەکان.

- **پێشنیار**

پێکهێنانی بنکەی زانیاری بۆ ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان (ICNL) (بنکە) و بارەگاکەی لە هەولێر دەبێت، و دەبێت بە ژێدەر (مەرجەع) بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردستانییانەی قازانج-نەویستن، و ئامانجەکەی لەژێر ڕۆشنایی ئەرک و پەیامەکەیدا بریتییە لە:
-ئاسانکردنی دەستگەیشتنی ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان بە زانیاری لەسەر یاساکان و سەرچاوە داراییەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان.

-بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان لە ڕێی مەشقەوە.

4-ئامانجەکان (الأهداف، Objectives)

کە دەڵێین ئامانج واتە "غایة" کە بە ئینگلیزی دەگوترێتgoalو وشەی ئامانجەکان بۆ "هدف "ی عەرەبی وobjectiveی ئینگلیزی کە مەودایەکی دووتری هەیە لە ئامانجەکان.
کاتێک ئامانجە ستراتیجییەکانت دیاری دەکەیت ئەوسا بە ئاسانی دەتوانیت بگەیت بە ئامانجەکانت. هەندێک دەستگا بۆ پلاندانان پشت بە ئامانجەکان دەبەستێت بەڵام هەر زوو بۆی دەردەکەوێت ئەم شێوازە تەنها سەرکەوتنی کورتخایەن بەدەست دەهێنێت، پێویستە ئامانجەکانت و ئامانجی ستراتیجیت تەبا بن لەگەڵ ئەرک و پەیامی رێکخراوەکەت.

ئامانجەکان بریتین لە پلانی تێروتەسەلی کار و کاتبەندن بۆ ئامانجە ستراتیجییەکان، زۆربەی جار لە دووتوێی پلانی ساڵانەدا دەبن، هەر ئامانجێکی ستراتیجییش چەند ئامانجێکی هەیە.

- **پێویستە ئامانجەکان ئەم خەسڵەتانەیان هەبێت:**

- دیاریکراو بن - Specific
- بپێورێن - Measurab
- بتوانرێت بهێنرێنە دی - Attainable
- واقعی و گونجاو بن - Realistic
- کاتیان بۆ تەرخان کرابێت - Timed

هەروەها دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ هەستی نەرێنی هەندێک لە هاوڕێکانت لە بەرامبەر ئەو ئامانجە ڕوونانەی دەتوانرێت بپێورێن، ڕەنگە ناڕەزاییەکانیان لەم خاڵانەدا بێت:

- بەرپرسیارێتی
- گۆڕانکاری
- تێگەیشتن لەوەی هەندێک لە چالاکییەکان ناگونجێن لەگەڵ ئەرک و پەیامی ڕێکخراوی قازانج-نەویست بەڵام دەیانهێڵێتەوە چونکە بەرپرسەکە زۆر باشە.
- ئەرکەکان ڕوونن، ئەی ئاسانتر نییە بڵێین بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموومان.
- دواکەوتن لە دواییں ژوان.
- وازهێنان لە ئارامی لەبەر کارگێڕییەکی کاراتر.
- تێگەیستن لەوەی هەندێک پرۆژە ناچنە ناو خانەی کارەکانی دەستگاکە، بەڵام بۆ ئەوەی تەمویل ڕابکێشین پێویستە هەموومان لەم ترس و دڵەڕاوکەیە تێبگەین و شێوازی نوێ بدۆزینەوە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو تیمەی کاری لەگەڵ دەکەین.

یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بریتییە لە زیادبوونی تەرکیز، بەم شێوەیە دەزانیت چیت لێ داوا کراوە و پشکداریی تۆ چەند دەبێت بە شێوەیەکی گشتیی. لە بەدواداچوونی قازانجە درێژخایەنەکاندا دەستگاکان هەست بە سەرکەوتن دەکەن.

کاتێک ئامانجەکان دیاریکران، ئامانجی روون و پێوراو، ئەوسا دەبێت بیانگۆڕین بۆ کار و جێبەجێیان بکەین و ئنجا پێشوەخت پلان دابنێین بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن.
دوای دەستنیشانکردنی ئامانجەکان پێویستە جەخت بخەینە سەر چۆنیەتی بەدیهێنانیان. چیرۆکێکی کۆن هەیە سەبارەت ناپلیۆن، کە گوێی لە سەرکردەی سوپاکانی دەگرت بە بێ دەنگی کاتێک ئەوان باسی پلانی جۆراوجۆریان بۆ دەکرد کە چۆن پەلاماری بروسیا یان ئیسپانیا بدەن. ئنجا کە تەواو دەبوون پرسیاری لەسەر پلانەکانیان دەکرد "چەند ئەسپت پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەت"، زۆرجار ئەم وردەکارییانەیان بیر دەچوو، و پلانەکەیان شکستی دەهێنا چونکە هێندەی پێویست ئەسپیان نەبوو. بۆیە، باشتر وایە چەند پلانێکی کار دابنێیت کە ئامانجەکەت دەهێننە دی بۆ ئەوەی نەکەویتە ناو گرفتی ئاوها و بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکان بەدەست بهێنیت.

ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکە لەسەر چالاکی و کاری پەیوەست بە ئامانجی ۲:

1-دامەزراندنی ڕێکخەری مەشق
دوایین وادە (کات، موعد): ناوەڕاستی کانونی دووەم ۲۰۰۳.

بەرپرس :بەڕێوەبەری بنکە، بودجە: ----------

2- مەشقدەرەکان لە بواری هەڵسەنگاندنی ئەدا تاقی بکرێنەوە
دوایین وادە: ناوەڕاستی شوباتی ۲۰۰۳

بەرپرس :بەڕێوەبەری بنکە

بـــودجە: ---------- بـــۆ هەر کۆبـــوونەوەیەکی هەلسـەنگاندن، پسپۆڕان

3- هەڵمەتی نیشتمانیی ڕاگەیاندن بۆ مەشق

بودجە: ---------- کۆ دەکرێتەوە بۆ تەمویلی هەڵمەتەکە

4- تەمویلی هەڵمەتی ڕاگەیاندن

دواین وادە: ناوەڕاستی کانونی دووەمی ٢٠٠٣

بەرپرس: بەڕێوەبەری بنکە

5- ئەنجامدانی مەشق بۆ ماوەی 100 کاتژمێر

بەرپرسەکان: مەشقدرەکان

کۆ، ژمـارە: بەڕێوەبەرانی ئاسـتی مامناوەندی لە ڕێکخراوە قـازانج-نەویستەکان

شوێن: 10 ناوچە بە لای کەمەوە

بودجە: ----------

6- پێوەرەکـانی مەشـق: پێویسـتە بە لای کەمەوە ١٥ بەڕێـوەبەری ئاستی مامناوەندیی ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان بەشداری بکەن لە هەر مەشقێک. هەروەها پێویستە پسپۆڕی چاودێری ئامادە بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەدای مەشقدەرە نوێیەکان.

دواپین واده: ماوەی نێوان ١ ی ئازار ٢٠٠٣ تا ١٥ کانونی یەکەمی ٢٠٠٣

بەرپرس: رێکخەری مەشق و مەشقدەرەکان

بودجە : ---------- کە بۆ ٢٠٠٣ بڕیار دراوە

7- هەڵسەنگاندنی ئامانجی ژ ٢

دواپین واده: ١٥ تا ٣١ ی کانونی یەکەم ٢٠٠٣

بەرپرس: رێکخەری مەشق، بەڕێوەبەر و مەشقدەرەکان

بەشداران: سەرجەم بایەخدەران بە پرۆژەکە

بودجە: ---------- بۆ داپۆشینی تێچووی نامە و کۆبوونەوەکان

دواجار، پرسیاری ئەوە لە خۆت دەکەیت کە کەی ئەنجامەکان دەبینیت؟

5- هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانت Evaluating your Results

بە شێوەیەکی روون بەرپرسیارێتییە کەسییەکان بۆ هەموو کارەکان دیاری دەکرێت، وەک لە نموونەکانی پێشوو باسمان کرد. زۆر گرنگە چاودێری دەستکەوتی هاوڕێکانت بکەیت کە پەیوەستن بە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی ساڵەکە. وا باوە هەڵسەنگاندنێکی گشتیی بکرێت لە کۆتایی بەرنامەکاندا یان لە کۆتایی ساڵەکەدا بۆ جەختکردنەوە لەوەی دەستگاکە سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئەنجامەکان. ئەو

هەڵسەنگاندنەی کە کەمترینی تێدەچێت بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی، کە چەند کەسێک پلانە بنەڕەتییەکە بەراورد دەکەن لەگەڵ ئەنجامە کۆتاییەکان. هەندێک دەستگا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان گرێبەست دەکەن لەگەڵ پسپۆڕی تایبەتمەندی سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکە تا ئەوپەڕی بابەتییانە و پسپۆڕانە بێت.

زۆر پسپۆڕ پێیان وایە دەتوانین هەموو شتێک بپێوین، هەندێکی تر دەڵێن مەحاڵە بتوانین هەموو شتێک بپێوین، بۆ نموونە کۆمەڵگەی مەدەنی. وەک ڕێسایەکی گشتیی، پێویستە کار بکەین بۆ دۆزینەوەی ئامانجی چۆنایەتی کە بتوانرێت مەزەندە بکرێت و حوکمی لەسەر بدرێت. لە کاتی جێبەجێکردندا لە بیرت بێت شێوازی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بگریتە بەر، ئامانجی دروست بۆ بەدیهێنانی پەیام و ئەرکەکەت. پێویستە ڕێکخراوەکان ناوبەناو پێداچوونەوەی دیدگەکەیان بکەن و کار و پلانەکانیان هەڵبسەنگێنن.

ئامانجی دارایی، الغايات المالية Financial Aims

هەر هەنگاوێک ئەگەر سەرچاوەی پێویستی لەگەڵ نەبێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەوا تەنێ خەونێکە.

پێویسە پلانە داراییەکە ئەم خاڵانە لەخۆبگرێت:

- بودجەیەکی تێروتەسەل بۆ تێچووی پلانەکەت
- ستراتیجێک بۆ چۆنیەتی دابینکردنی تەمویلی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.

له کتێبی " توجيه وإدارة المؤسسات الخيرية " ئەندرۆ هیندAndrew Hind باسی ئەم هەنگاوانە دەکات بۆ داڕشتنی پلانی تەمویل و چاودێری:

- دەستنیشانکردنی گۆڕآوە دارایـیە بنەڕەتییەکـانی چـالاکییە خێرەومەندەکان.
- شیکردنەوەی حەساسیەتی ئەم گۆڕاوانە.
- هەڵسەنگاندنی تێچووی چالاکییەکانی پرۆژەکە لەناو پلانەکە و ژێرخانی کارگێڕیی و بەڕێوەبەرایەتی پێویست بۆ پشتگیریی لەم چالاکییانە.
- دەستنیشانکردنی ئامـانج لە کـۆکردنەوەی پـارە بـۆ سـەرجەم دەستپێشـــخەرییە جۆراوجۆرەکـــانی رێکخـــراوەکە، و بەم شێوەیەش دەستنیشانکردنی کۆی داهـات و خەرجییەکانی هەر دەستپێشخەرییەک.
- تـــــاقیکردنەوەی بەردەوامیـــــی ئەم ئامانجـــــانە لە رێـــــی بەراوردکرنیان لەگەڵ ئەدای پرۆسەی پێشوو بۆ کۆکردنەوەی پارە و دراوەکای تری بەردەست لە کەرتی خێرەومەندی.
- کـۆکردنەوەی بـودجەی سـاڵی یەکەم و ئامـادەکردنی پلانـی دارایی بۆ ساڵانی داهاتوو لە پلانی ستراتیجییدا.
- دانانی رێوشوێنی کارا بۆ ڕاپۆرتی دارایی جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کـارگێڕی بە وردیـی چـاودێری پلانـی دارایـی بکـات، و ئەندامانی لیژنەی ئەمینەکان ڕاپۆرتی تێروتەسـەلیان پێ بگات

لەسەر پارە دراوەکان بە شێوەیەک لەبەردەستیان بێت کاتێک پێویست بکات ڕاستکردنەوەیان تێدا ئەنجام بدەن.

- کارکردن لەسەر هەندێک پارەی دراو ئاسانە (وەک کرێی بینایە و تێچووی گەشت) بەڵام هەندێکی تریان بەرچاو نیین و هەندێک جار فەرامۆش دەکرێن. نابێت تێچووی دەستپێکردنی کارێک لەبیر بکەین (واتە، بۆ نموونە، دامەزراندن و مەشقکردن بە ڕێکخەری مەشق)، و تێچووی لێشاوی نەختینە (واتە تێچووی گواستنەوەی پارە، تێچووی ئەو پارانەی درەنگ تەمویلەکەیان دەگات، تاد)، تێچووی چاککردنەوە و گۆڕین (بۆ نموونە گۆڕینی ئامێری فۆتۆکۆپی).
- تێچووی ئەو بابەتانەی چاوەڕوان نەدەکران (نەخۆشکەوتنی یەکێک لە هاوکارەکان، گرێبەست لەگەڵ پسپۆڕێکی یاسایی یا پسپۆڕێکی ژمێریاری،هتد).

چاپتەری سێیەم

فۆرمی پلانی ستراتیجی

نموونەیەکە بۆ ڕێنمایی
پاشکۆی هێڵە گشتییەکانی پلانی ستراتیجی
لاپەڕەی کار

پێشەکی:

ئامانجی ئەم لاپەڕەیە بریتییە لە دانانی نەخشەڕێگەیەک بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجیی ڕێکخراوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا بە گوێرەی بڕیاری بالای ڕێکخراوەکە (ئەنجومەنی متمانەداران، دەستەی کارگێڕی، هتد) و بە پشتبەستن بە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزای ناو و دەرەوەی ڕێکخراوەکە.

قۆناغەکانی دارشتنی پلان:

قۆناغی یەکەم/ دیاریکردنی پەیکەر (هیکل)ی پلانی ستراتیجی (ستایڵ).

قۆناغی دووەم/ قۆناغی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری:

1. ئامادەکردنی پوختەی ڕاپۆرتی گشتیی، کە لە کۆنگرەی دەستەی گشتییدا ڕاستێندراوە، بۆ ئەوەی ببێت بە بناغە بۆ پلانەکە بە سوود وەرگرتن لە پلانی ستراتیجی پێشووی ڕێکخراوەکە.

2. ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری بەسەر نوسینگەکانی ڕێکخراوەکە و بەشەکانی لە پارێزگاکان، کە ئەم پرسیارانە لەخۆدەگرێت:

- خاڵەکانی بەهێزی و لاوازی ڕێکخراوەکەت کامەیە لە کارکردنی لە پارێزگاکەدا (پسپۆڕیی پێشوو، تایبەتمەندی، سەرچاوەی دارایی و مرۆیی).
- ئاستەنگەکان و دەرفەتەکان کامانەن لە پێش ڕێکخراوەکە بە گوێرەی ستراتیجی نوێ (هاوکاری لەگەڵ دەسەلاتی خۆجێی، ڕێکخراوە هاوبەشەکان، یاساکان).
- کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار لەسەر پارێزگاکە لە بواری (ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی قوتابخانەکان، ژمارەی منداڵ کە قوتابخانەیان بەجێهێشتووە، ژمارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان، ژمارەی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە لەم بوارەدا کار دەکەن، ژمارەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لەم پارێزگایە کار دەکەن، پلانی پارێزگە بۆ سێ ساڵی داهاتوو، دواین لێکۆڵینەوەکان، ئەو بوارانەی دەکرێت کاریان تێدا بکرێت لە پارێزگاکە).
- پێشنیارکردنی ئەو بوارانەی کە دەکرێت لە پارێزگاکە کاری لەسەر بکەین لە بواری ستراتیجی پارێزگاریی منداڵ و خێزان (پارێزگاریی یاسایی، تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، دروستکردنی داهات، توندوتیژی دژی منداڵان، ئاسایشی خێزان، چاکترکردنی ڕەوشی ئابووری خێزان،

کارکردنی منداڵان، منداڵانی سەر جادەکان، دادوەریی بۆ نەوجەوانان، قەیرەیی، بێوەژن، هتد) و بۆچی.

- میکانیزمەکانی کارکردن (هۆشمەندیی، راهێنانەوە، مەشق، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، داکۆکی، بەشداریکردن).
- سەرچاوە مرۆییەکانی بەردەست بە گوێرەی تایبەتمەندی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانی رێکخراوەکە (خۆبەخش، کرێکار، هاوبەش).
- ئەو لایەنانەی بەشدار دەبن لە پشتگیری بەرنامە و پلانەکانی رێکخراوەکە (مادی و مەعنەوی).

3. پێکهێنانی تیمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەگای رێکخراوەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییانە:

- سەردانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ئاماری سوودبەخش بۆ پلانە ستراتیجییەکە.
- داواکاریی فەرمی لە وەزارەتی پلاندانان و فەرمانگەی ئامار بۆ ئەوەی ئامار و زانیاریمان بداتێ.
- رێکخستنی سەردان بۆ بارەگای ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بۆ بەدەستهێنانی پلانەکانیان بۆ ماوەی داهاتوو.
- پەیوەندیکردن بە هاوبەش و لایەنە کۆمەککارەکانەوە بۆ ئەوەی ستراتیجی خۆیانمان بدەنێ بۆ چەند ساڵی داهاتوو.

- پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی پڕۆژە جێبەجێکراوەکان لە ساڵانی ڕابردوو، و ئامادەکردنی لاپەڕەیەک بە زانیاری سوودبەخش بۆ پلانی ستراتیجی.

4. پێکهێنانی تیمی شیکردنەوەی زانیاری، بۆ:

- داخڵکردنی فۆرمی زانیارییەکان لە کۆمپیوتەر.
- شیکردنەوەی ئامار و زانیاری و خشتەکان، و داڕشتنی ڕەشنووسی یەکەم.

قۆناغی سێیەم/ قۆناغی نووسینی پلانی ستراتیجی (وەک لەسەری ڕێککەوتوون)

ڕێکخراوی .....

پرۆژەی ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی بۆ ڕێکخراوەکە

فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری

پێشەکی:

کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ لە کێشمەکێشی بەردەوامدایە، و کۆمەڵگەی مرۆڤ وەک سروشتێکی ئاسایی خۆی پێویستی بە ڕێکخستنەوەی یەکە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر و دادپەروەرانەتر بتوانێت تەعبیر لە داواکارییەکانی چین و توێژەکان بکات، هەروەها بۆ ئەوەی

ببێت به بنکەیەک بۆ هاوکاری و هەرەوەزی و پشتبەستنی کەمتر بە دەستگا حکومییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی، هەروەها، بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان چونکە ئەوانە دەستگایەکن بۆ چاودێری ئەدا و کارایی حکومەت بە مەبەستی بەدیهێنانی مافەکانیان. هەر بۆیە بەشێکی گرنگ لە دەستگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گوێرەی قۆناغە مێژوویەکان سەریان هەڵداوە. ئەمڕۆ ئەرکی دەستگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتین لە:

- ببێت بە پردی پەیوەندی لە نێوان هاوواڵاتی و دەسەاڵت.
- هێزی فشار بێت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک.

لەو واڵاتانەی تازە ئاشنا دەبن بە دیموکراسی، ئەرکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان جیاوازە لە هی کۆمەڵگەکانی تر، گرنگترینیان بریتین لە:

- بەشداریی لە پڕۆسەی هۆشمەندیی.
- بەشداریی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان شانبەشانی دەستگا حکومییەکان و جێبەجێکردنی بە گوێرەی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.

بە گوێرەی ئەو باکگراوەندەی پێشوو کار دەکات و خۆی بە هاوبەشی سەرجەم ئەو دەستگایانە دادەنێت کە کار بۆ چاکترکردنی ڕەوشی ژیانی مرۆڤ دەکەن، و وەک دەستگایەکی ناحکومیی سەربەخۆ لە ژینگەی کار و کۆمەڵگەکەیدا کار دەکات بۆ:

1- ڕاگەیاندنی کارەکانی بە نووسین لە ڕێی (ئیمە کێین، و بەهاکانمان کامانەیە و چۆن خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین و چۆن بەرنامەکانمان جێبەجێ دەکەین).
2- پشتبەستن بە سیستمی دامەزراوەیی.
3- پشتبەستن بە زانیاری و ئامار و پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە.
4- هاوکاریی ئەو کەسانەی زۆر نەدارن بە گوێرەی ستراتیجی پاڕێزگاریی خێزان و منداڵان.
5- مەشقکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی کار بۆ کارمەندان لە ژینگەی کاردا.
6- سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندی و ئەزموون و تەکنەلۆجیای نوێ.
7- بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن و فیدباک (التغذية الاسترجاعية)
8- بەشداریپێکردن و تۆڕبەندی (التشبيك، Networking) و داکۆکی (المدافعة، Advocacy).
9- ڕێزگرتن لە یاسا کارپێکراوەکانی ژینگەی کار.

ڕێکخراوەکە کار دەکات بۆ پتەوکردنی ڕێچکەی وەک لە ستراتیجەکەیدا هاتووە و بۆ ئەوەی تایبەتمەند بێت لە بوارەکەیدا بە گوێرەی ئەو کارانەی پێشکەشی کردووە لە خولەکانی پێشتر، و بەرەو چەسپاندن و گەشەپێدانی پرەنسیپ و بەهاکانی.

ئەم فۆرمە:

دوای بڕیاردان لەسەر ستراتیجەکانی ڕێکخراوەکە لە کۆنگرەی دەستەی گشتیی یان کۆبوونەوەی بەرفراوانی ....، دەستەی کارگێڕی کار دەکات بۆ ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی بۆ سێ ساڵی داهاتوو بە پشتبەستن بە کەسانی پسپۆڕی بوارەکە. ئامانجی فۆرمەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ دەستکردن بە پرۆسەی نووسینی پلان، بە پشتبەستن بە دیدگە و پەیامی ڕێکخراوەکە کە بریتین لە:

دیدگە: جیهانێک کە مرۆڤەکان تێیدا هەموو مافەکانیان بە تەواوەتی هەبێت.

پەیام (الرسالة، المهمة، Mission): ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆی قازانج-نەویست بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار دەکات، بە گوێرەی بەها مرۆییەکانی، و لە پێناو چاکترکردنی ژیان، و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەسەندوو، ئەمەش لە ڕێی جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەی گەشەسەندن بە تایبەتی لە بواری پاڕێزگاریی خێزان و منداڵان.

تکایە هاوکاریمان بکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە لە کاتی خۆیدا.

- بەشی یەکەم/ زانیاریی گشتیی

پارێزگا	
نووسینگە یان بەش	
ناوی بەڕێوەبەری نووسینگە یان بەش	
مێژووی پڕکردنەوەی فۆرمەکە	

بەشی دووەم/ خاڵەکانی بەهێزی و لاوازی، دەرفەتەکان و ئاستەنگەکان

خاڵەکانی بەهێزیی ڕێکخراوەکەتان کامانەیە لە پارێزگاکەتان (بۆ نموونە پسپۆڕیی پێشوو، تایبەتمەندی، سەرچاوەی دارایی و مرۆیی)؟	
خاڵەکانی لاوازیی ڕێکخراوەکەتان کامانەیە لە پارێزگاکەتان (بۆ نموونە نەبوونی پسپۆڕیی، لاوازیی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان)؟	
ئەو ئاستەنگانە کامانەن کە دێنە ڕێی کاری ڕێکخراوەکەتان لە هەمبەر ستراتیجی نوێتان لە پارێزگاکە (وەک هاوکاریی دەسەلاتی خۆجێی، ڕێکخراوە هاوبەشەکان، یاساکان)؟	
ئەو دەرفەتانە کامانەیە کە پێشبینی دەکەن بڕەخسێت بۆ ڕێکخراوەکەتان لە پارێزگاکە بە گوێرەی ستراتیجە نوێیەکە؟	

بەشی سێیەم/ زانیاریی گشتیی لەسەر پارێزگاکە

ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی دواین زانیاری	
ژمارەی قوتابخانەکان	
ژمارەی ئەو منداڵانەی خوێندنیان بەجێهێشتووە	
ژمارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان	
ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ناوخۆییانەی لەم بوارەدا کار دەکەن (پارێزگاریی لە خێزان و منداڵ)	
ژمارەی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی لە پارێزگاکە کار دەکەن	

پلانی پارێزگاکە بۆ سێ ساڵی داهاتوو	
ئەو بوارانەی کە دەتوانین کاری تێدا بکەین لە پارێزگاکە	
دواترین لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەکان لە پارێزگاکە لەسەر پارێزگاریی لە خێزان و منداڵ	
زانیاری تر	
زانیاری تر	
زانیاری تر	

- **بەشی چوارەم/ پێشنیارکردنی ئەو بوارانەی کە دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت لە پارێزگاکە لە دووتوێی ستراتیجی پارێزگاریکردن لە خێزان و منداڵ**

بوار	بەڵێ، نەخێر	بۆچی
پارێزگاریی یاسایی	☐بەڵێ ☐نەخێر	
تەندروستی	☐بەڵێ ☐نەخێر	
پەروەردە و زانیاری	☐بەڵێ ☐نەخێر	
بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە	☐بەڵێ ☐نەخێر	

توندوتیژی دژی منداڵان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
ئاسایشی خێزان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
چاکترکردنی ڕەوشی ئابووری خێزان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
کارکردنی منداڵان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
منداڵی سەر شەقامەکان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
دادپەروەریی بۆ نەوجەوانان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
قەیرەیی	☐بەڵێ ☐نەخێر	
توندوتیژی دژی ژنان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
بێوەژنان	☐بەڵێ ☐نەخێر	
بواری تر کە ناوی نەهاتووە		

- **بەشی پێنجەم/ میکانیزمەکانی کارکردن**

میکانیزم	بەڵێ یان نەخێر	بۆچی
هۆشمەندیی	☐بەڵێ ☐نەخێر	
ڕاهێنانەوە	☐بەڵێ ☐نەخێر	
مەشق	☐بەڵێ ☐نەخێر	
لێکۆڵینەوە و توێژینەوە	☐بەڵێ ☐نەخێر	
داکۆکی	☐بەڵێ ☐نەخێر	
بەشداریکردن	☐بەڵێ ☐نەخێر	
هی تر	☐بەڵێ ☐نەخێر	

- **بەشی شەشەم/ سەرچاوەی مرۆیی بەردەست بە گوێرەی تایبەتمەندی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانی ڕێکخراوەکە**

	ژمارە و تایبەتمەندی
خۆبەخش	
کرێکار، بە کرێ	
هـــــاوبەش (ڕێکخـــــراوە هاوبەشەکان)	
هی تر	

بەشـــی حەوتەم: ئەو لایەنـــانە کامـــانەن کە دەتـــوانن پشـــتگیری بەرنـــامە و پرۆژەکانی ڕێکخراوەکەت بکەن لە پارێزگاکەت (مادی و مەعنەوی)

بەشی هەشتەم: زانیاریی تر

پلانی ستراتیجی بۆ سێ ساڵ 2011 -2013

ڕێکخراوی .....

ڕێکخراوی ..... وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی کە سیستمی دامەزراوەیی پیادە دەکات بەردەوام هەموو سێ ساڵ جارێک بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، کۆنگرەی دەستەی گشتیی بەستووە، یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی کۆنگرەی دەستەی گشتیی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کاری خولی پێشوو، و دیاریکردنی ستراتیج بۆ خولی داهاتوو، و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی متمانەداران، کە ئەرکەکەیان بریتییە لە ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی بۆ سێ ساڵ.
کۆنگرەی دواییني دەستەی گشتیی ڕێکخراوەکە، کە لە 2010/6/27 کۆتایی هات، بڕیاری دا بە پیادەکردنی پرەنسیپی تایبەتمەندی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەدا، و "پارێزگاریی لە خێزان و منداڵ" کرا بە ناونیشانی سەرەکی بۆ کاری ڕێکخراوەکە لە ماوەی قۆناغی داهاتوودا.

ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی ڕێکخراوەکە پشتی بەستبوو بە:

1. بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی دەستەی گشتیی ڕێکخراوەکە لە حوزەیرانی ٢٠١٠، بە تایبەتی ڕاپۆرتی گشتیی.
2. شیکردنەوەی فۆرمی زانیاری و هەڵسەنگاندن کە نووسینگەکانی ڕێکخراوەکە و ڕێکخراوە هاوبەشەکان ئامادەیان کردبوو و دابەشیان کردبوو.

3. فۆرمی پلانی ستراتیجی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی.
4. ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو لیژنانەی بە ئامادەکردنی پلانەکە ڕاسپێردابوون.

ئەم پلانە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە

- ئێمە کێین؟
- تواناکانی بەردەستمان کامانەیە، دەتوانین چی بکەین؟
- کام گیروگرفت چارەسەر دەکەین؟
- ئەو جیاوازییە چییە کە ئێمە دەمانەوێت دروستی بکەین؟
- کام بابەتی یەکلاکەرەوە پێویستە وەڵامی بدەینەوە؟
- پێویستە لە کوێ سەرچاوەکانمان تەرخان بکەین؟ پێویستە ئەولەوییاتەکانمان کامانە بێت؟
- پێویستە ئامانجی ڕاستەوخۆمان چی بێت؟
- چۆن خۆمان ڕێک بخەین بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە؟
- کێ چی دەکات، چۆن و کەی؟

پلانەکە بۆ ئەم بەشانە دابەش دەبێت:

بەشی یەکەم: هێڵە گشتییەکانی ستراریجی ڕێکخراوەکە
بەشی دووەم: ناسنامەی ڕێکخراوەکە.
بەشی سێیەم: شیکردنەوەی چوارینە بۆ ڕێکخراوەکەSWOT.
بەشی چوارەم: پارێزگاریی لە خێزان و منداڵ.
بەشی پێنجەم: جێبەجێکردنی پلانەکە، دابینکردنی سەرچاوەکان، بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن

هێڵە گشتییەکانی ستراتیجی .....

پێشەکی :

کاتێک ..... دەست دەکات بە دانانی پلانی ستراتیجی، پێویستە ڕەوشی عێراق بە گشتیی ڕەچاو بکات، عێراق لە ڕەوشێکی شلۆقدایە، و ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ژیانی هاووڵاتیان. لەم سااڵنەی دواییدا دەستگا فەرمییەکانی عێراق هەوڵی دا ئاسەواری دکتاتۆرییەت بسڕێتەوە و دەوڵەتێکی نوێ بنیات بنێت لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە یاسا و کارکردن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. لە بواری کرداریەوە و بەم ئاڕاستەیە، هەڵبژاردن ئەنجام درا بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدرێت بە دامەزراوەکانی دەوڵەت. ئەم ڕێوشوێن و هەوڵانە وەک زۆر کاروباری تر، خاڵی ئەرێنی و نەرێنی هەبوو. گرنگترین شت ئەوەیە کە هاووڵاتیان کار بۆ ئایندەیەکی باشتر دەکەن بە شێوەیەک کە هیواکانیان بهێنێتە دی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕاپۆرتەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەوشی عێراق بەرەو خراپتر دەچێت، بە تایبەتی لە بواری ئاسایش و خزمەتگوزارییدا، کە ڕەوشێکە هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤەکان.

لە عێراق، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، هاوواڵتی ناتوانێت ژیانی ڕۆژانەی خۆی بژی، لەبەر سەختیی ڕەوشی ئاسایش، ڕۆژانە دەیان کەس دەبن بە قوربانیی، لە هەندێک ناوچە ژیان بە تەواوەتی ڕاوەستاوە. ئەم حاڵەتە لەسەر ڕەوشی ئابووری خێزانەکان ڕەنگی

داوەتەوە. وەک ئاماژەی پێدەکەن ژمارەی ئەو کەسانە بەردەوام زیاد دەکات کە لە ژێر هێڵی هەژاری دەژین، ئەگەرچی حکومەت مووچەی کارمەندانی زیاد کردووە. هەروەها، ئاوارەبوونی ناوخۆ هەیە لە ئەنجامی زەبروزەنگ بە تایبەتی لە دژی کەمینەکانی عێراق. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی ئەوە دەکەن کە نزیکەی دوو ملیۆن هاوولاتی لەناوخۆ و دەرەوەی عێراق ئاوارە بوون و ژیانیان لە مەترسیدایە. نەبوونی ڕەوشی گونجاوی تەندروستی و ئابووری کاری کردووە لەسەر ڕەوشی خێزان بە تایبەتی لەسەر تۆژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە وەک منداڵ و ئافرەتان. بە تایبەتی تۆوی تونـدوتیژی خێزانی و کۆمەڵگەیی سەر هەڵدەدات و ئاماژەیەکی مەترسیدارە. بۆیە پێویستە کار بکەین بۆ بلاوکردنەوەی بیرۆکەی نوێ و کارکردن لە بواری گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ خێزان. بە شێوەیەک کە بوار بکرێتەوە بۆ تاکەکەسەکان بە تایبەتی هەژاران و ئاوارەکان کە زۆرترین زیانیان پێگەیشتووە، بە مەبەستی چەسپاندنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە متمانەیان بە خۆیان بۆ دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن لەناو کۆمەڵگە و تێکەڵاوبوونەوەی کۆمەڵگە و دەرچوونیان لە گۆشەگیری. ئەم کارە تەنیا بە حکومەت ناکرێت بەڵکو پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بکەن بۆ گەڕەنتیی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکان و خێزانەکان.

بۆیە پێویستە یەکەمین ئەرکەکانی ڕێکخراوی ..... لە ئایندەدا بریتی بێت لە جەختکردنەوە لە پەرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ وەک ڕێنماییەکی بنچینەیی کاتێک پلانی ستراتیجی دادەنێت بۆ سێ ساڵی داهاتوو، و لەسەر ئەم بناغەیە پلانی ساڵانە دابڕێژێت. پێویستە هەندێک لە

بڕگەکانی لە لیستی پرەنسیپەکان دابنرێت بە تایبەتی مافەکانی مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری. پێویستە ئەم کارە بە هاوبەشی بکرێت بۆ پتەوکردنی توانای کارمەندانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەسەندنی بەردەوام.

رەوشی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت لە رێکخراوەکە کە ستراتیجی ئەوتۆ دابنێت کە گونجاو بێت لەگەڵ رەوشی کوردستان لە بواری ئاسایش و گەشەی ئابووری، بە تایبەتی لە بواری بنیاتنانی هەرێمێکی دیموکرات. ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی ناوچەکە بە خۆیەوە دەبینێت، بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری عێراقەوە، شایانی سەرنجە و بۆیە پێویستە جەخت بخەینە سەر ئەو بابەتانەی دەتوانین لە هەرێم کاری لەسەر بکەین بە تایبەتیش بابەتەکانی وەک پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گەشەپێدانی گیانی هاوواڵاتێتی، بێکاری، گەندەڵی ئیداری، دەستور و یاسا، خراپیی سیستمەکانی پەروەردە و فێرکردن، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی و کارەبا و هتد.

ئەم قۆناغە پێویستی بە کارکردنە بۆ گەشەی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دەست بکەین بە کۆکردنەوەی زانیاری بەرایی ورد لەسەر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی بواری کار و کارگێڕی و گەشەی شارستانی کە هەرێم بە خۆیەوە دەیبینێت. پێویستە ئەم کارانە شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدرێت کە رووبەڕوبوونەوەن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان. ئەمەش لە رێی لێکۆڵینەوەی زانستی و کاری هەڕەوەزی و مەشق و فشار و رۆشنبیرکردن.

سەبارەت بەشەکانی تری وڵاتەکە، ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراق، پێویستە ستراتیجی جیاواز ئامادە بکرێت و چالاکییەکان بگونجێن لەگەڵ رەوشی ئەو ناوچانە، پێویستە پرۆژەی ناکاوی لەخۆ بگرێت بە تایبەتی بۆ ناوەڕاست. لەوێ مەترسیی هەیە لە ڕووداندا تراجیدیای مرۆیی، وەک سەرنج دەدرێت دەیان حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕوودەدات رۆژانە، بە تایبەتی دژی هاووڵاتیانی بێتاوان. هەر بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە کار بکەین لەسەر بواری ئسایشی مرۆڤ و ئاشتەوایی نیشتمانی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و یەکتری قبوڵکردن و بنیاتنانی دەوڵەت یاسا. ئەمەش بە بەشداریی هەموان چونکە دەربڕی هیوا و ئاواتی هەموو گەلە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە بۆ ئەوەی بەردی بناغە دابنێین بۆ عێراقێکی نوێ دوور لە مەزهەبگەرایی کە پێچەوانەی هەموو پێوەرێکی نیشتمانییە.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هەندێک فاکتەری هاوبەش و هەندێکی تری جیاواز هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان و تەنانەت فەرمییەکان، منداڵان ئەو تۆیژەن کە زۆرترین پێشێلکاری دژیان دەکرێت، پێشێلی مافە سەرەتاییەکانی منداڵ کە عیراق بە خۆیشی واژووی لەسەر ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی کردووە. تا ئێستاش خێزانی عێراقی بە دەست نەبوونی سادەترین کۆڵەکەکانی بنیاتنانی خێزانەوە دەنالێنێت، بۆیە، پێویستە کار بکەین بۆ پتەوکردنی توانای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بواری چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئەو چاودێری ئەو پێشێلکارییانەی ڕوودەدەن، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ

میـــدیا و ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکـــان و ئاژانســـەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان بە مەبەسـتی چـاکترکردنی ژیـان و پارێزگـاریکردن لە خێزان و منداڵانی عێراق، کە ژیانیان لە مەترسیدایە.

هەر بۆیە ڕێکخراوەکەمان دروشمەکەی (مرۆڤ، گەشەسـەندن، ئایینـدە) گواستەوە بۆ قۆناغێکی نـوێ لە ڕێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە گـوێرەی پلانـی سـتراتیجی سـاڵانی ٢٠١١-٢٠١٢-٢٠١٣ و لە ئەنجـامی گەشەسـەندنی پەیوەنـدییەکانی ڕێکخـراوەکە لەگەڵ هاوبەشـەکانی لەو ســاڵانەدا. ڕێکخــراوی .....خــۆی بە هاوبەشــی ســەرجەم ڕێکخــراوە سەربەخۆ ناحکومییەکان دەزانێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەزارەی نوێ، ئەمەش بە شێوازی زانستی بۆ مەزەندەکردنی پێویستییەکانی ئەو تـوێژانەی ڕووبەڕووی زەحمەتـی دەبـنەوە و زۆر زوڵمیـان لـێ کـراوە، هەروەهـا لە ڕێی دانـانی پـلان و بەرنـامەی کـار و جێبەجێکردنـی لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئەم بەرنامانە. ئەم کارانەش تەبان لەگەڵ توانا مرۆیی و داراییەکان و پسپۆڕیی ڕێکخراوەکە و ژینگەی کارەکەی. لەبەر بڕوامان بەو خاڵانەی لە بەڵگەنامەی جارِی جیهـانیی مـافی مـرۆڤ و بەڵگەنامەکـانی تـری بـواری مـافی مرۆڤـدا هـاتووە، ڕێکخراوەکەمـان، ڕێکخـراوی فریـاکەوتنی میللـی، چەنـد سـتراتیجێکی کـردووە بە بنـاغەی کارەکانی، ناونیشانە سەرەکییەکەی بریتییە لە:

کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو بابەتانەی لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکانی بواری مافی مرۆڤدا هاتووە، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ژیـانی بە کەرامەت، لەم پێنـاوەدا ڕێکخراوەکەمـان دامەزراوە و سـتراتیج و پـلان و بەرنـامەی داڕشـتووە بـۆ ئەنجامـدانی چـالاکیی جۆراوجۆر بە شێوازی ئاشتیخوازانە.

ڕێکخراوەکە خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە ڕێکخراوەکانی تر و وەک دەستور وایە بۆ ڕێکخراوەکە، کە لێرەدا بەرجەستە دەبێت:

پەیام: ڕێکخراوی ..... ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومیی قازانج-نەویستە بە گوێرەی بەها مرۆییەکانی کار دەکات بۆ چاکترکردنی ژیان و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەشەسەندوو، لە ڕێی جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەی گەشەسەندن بە تایبەتی لە بواری پاڕێزگاریکردن لە خێزان و منداڵ.

دیدگە: جیهانێک کە مرۆڤەکان تێیدا هەموو مافەکانیان بە تەواوەتی هەبێت.

پرەنسیپ و بەهاکان:

- پابەندێتی بە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی بواری مرۆڤ و مافەکانی.
- پابەندێتی بە دیموکراتییەوە.
- کاری خۆبەخشانە و بەرژەوەندیی گشتیی.
- بێلایەنی، شەفافییەت، سەربەخۆیی، ڕاستگۆیی، لێبوردەیی، و نەبوونی جیاکاری.
- هاوکاری، هاوبەشی، هەرەوەزی، یەکسانیی دەرفەت، هاوسەنگیی جێندەر، پەیداکردنی متمانەی سوودمەندان، پیشەیی، بەرپرسیارێتی.
- پاڕێزگاریکردن لە نهێنیی شەخسیی.

بۆ کارکردن بەو پرەنسیپانە رێکخراوەکە لە ستراتیجەکەیدا جەخت دەخاتە سەر:

1- ڕاگەیاندنی کارەکانی بە نووسین لە ڕێی (ئیمە کێین، و بەهاکانمان کامانەیە و چۆن خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین و چۆن بەرنامەکانمان جێبەجێ دەکەین).
2- پشتبەستن بە سیستمی دامەزراوەیی.
3- پشتبەستن بە زانیاری و ئامار و پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی رێکخراوەکە.
4- هاوکاریی ئەو کەسانەی زۆر نەدارن بە گوێرەی ستراتیجی پاڕێزگاریی خێزان و منداڵان.
5- مەشقکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی کار بۆ کارمەندان لە ژینگەی کاردا.
6- سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندی و ئەزموون و تەکنەلۆجیای نوێ.
7- بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن و فیدباک (التغذية الاسترجاعية)
8- بەشداریپێکردن و تۆڕبەندی (التشبيك، Networking) و داکۆکی (المدافعة، Advocacy).
9- ڕێزگرتن لە یاسا کارپێکراوەکانی ژینگەی کار.

رێکخراوەکە کار دەکات بۆ پتەوکردنی ڕێچکەی وەک لە ستراتیجەکەیدا هاتووە و بۆ ئەوەی تایبەتمەند بێت لە بوارەکەیدا بە

گـوێرەی ئەو کـارانەی پێشکەشـی کـردووە لە خولەکـانی پێشـتر، و بەرەو چەسپاندن و گەشەپێدانی پرەنسیپ و بەهاکانی.

ناسنامەی ڕێکخراوەکە

ڕێکخراوی: .....
تایبەتمەندی: پارێزگاری لە خێزان و منداڵ
ناوچەکـانی کـار: سـەرجەم پارێزگاکـانی عێـراق، وپلانـدانان بـۆ گواستنەوەی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بۆ وڵاتـی تر لە قۆناغەکانی ئایندەدا.

تـوێژی بەئامانجگیراو (المستهدفة):
بە شێوەیەکی گشتیی خێزان و بە تایبەتیش منداڵ و ژن.

دەستگاکانی ڕێکخراوەکە:

ڕێکخراوەکە سێ دەسـتگای سـەرەکیی هەیە بە گـوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ:

1. کـۆنگرەی دەسـتەی گشـتیی: ئەرکەکـانی بـریتییە لە ڕەسـمکردنی سیاسـەتی گشـتیی کـاری ڕێکخـراوەکە و هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی متمانەداران.
2. ئەنجـومەنی متمـانەداران (الأمنـاء، ڕازگـران): ئەرکەکەی چـاودێری و یاسادانانە و ئەم دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێرێت.
3. دەسـتەی کـارگێڕی (ئەنجـومەنی کـارگێڕی): بـاڵاترین دەسـتەی جێبەجێکـارە لە ڕێکخـراوەکەدا و بەرپرسـە لە جێبەجێکردنـی پلانـی ستراتیجی.

پەیکەری سەرەکیی:



شیکردنەوەی چوارینەی سواتSWOT
خاڵەکانی بەهێزی، لاوازی، دەرفەتەکان، و ئاستەنگەکان

ژینگەی ناوخۆیی:

خاڵەکانی بەهێزیی:

1. زۆریی پرۆژە و چالاکییە جێبەجێکراوەکان و بەردەواملییان لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو کە ئاماژەن بە سەرکەوتوویی ڕێکخراوەکە لە بەکارهێنانی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی چالاکیی جۆربەجۆر و کەڵەکەبوونی پسپۆڕیی تێیدا.
کۆی پرۆژەکان (68) پرۆژە بە گوێرەی ئەم خشتەیە:-

مافی مرۆڤ	دیموکراسی	پەروەردە و فێرکردن	دادپەروەریی ئینتقالی	تەندروستی و ژینگە	پێکەوەژیان و ئاشتی
25	10	4	7	17	5

2. تەبایی پرۆژە جێبەجێکراوەکان لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە وەک لە پلانی ستراتیجیدا هاتووە.
3. هەبوونی کاریگەریی ئەرێنی ڕێکخراوەکە لەو ناوچانەی کاری لی دەکات.
4. بنیاتنانی توانای کارمەندان، و هەبوونی پسپۆڕیی دەگمەن، و گەشەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی خۆبەخشەکان، ئەم خشتەیەی خوارەوە بریتییە لە ژمارەی کۆرسەکان لە ناوەوە و دەرەوە:

سالّ	خول – ناوخۆ	خول – دەرەوەی کوردستان
2007	45	18
2008	100	49
2009	59	23
کۆی بەشداران	204	90

5. ڕێکخراوەکە توانای هەبووە سەرچاوەی جۆراوجۆری تەمویل پەیدا بکات، وەک لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانییەوە دیارە :

UN and EU	INGOs	LNGOs	حکومەت، فەرمانگەی ڕێکخراوەکان	کەرتی تایبەت
%20	%42	%11	%11	%16

6. ڕێکخراوەکە توانیویەتی پەیوەندی باش و بەردەوام ببەستێت لەگەڵ کۆمەککاران کە تا دوای پرۆژەکانیش پەیوەندییەکان هەر بەردەوامن.
7. ڕێکخراوەکە سەر بە ژمارەیەکی تۆڕە، و لە زۆریان ڕابەرایەتی دەکات:

ژ	ناوی چالاکی	سنووری کار	لایەنی هاوکار
1			
2			
3			
4			
5			

8. بەشداری ڕێکخراوەکە لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشداری لە ڕاپۆرتی ناوبەناوی گشتگیری (UPR) لە ژنێف.
9. بڕیاری ڕێکخراوەکە بۆ ڕووکردن بەرەو تایبەتمەندی لە ستراتیجەکەیدا دەبێتە مایەی تەرکیزی کۆششەکانی.

خاڵەکانی لاوازی:

1. لاوازیی بایەخدان بە نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن و پێوانەکردنی کاریگەری هەر ئامانج و پلانێک.
2. لاوازیی توانای ڕێکخراوەکە لە گەیشتنی ئازادانە و ڕاستەوخۆ بە توێژە زیانپێکەوتووەکان لە کاتی قەیرانەکاندا.
3. لاوازیی توانای دارایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەسات و حاڵەتی ناکاوی.
4. لاوازیی حەشدکردنی توانای خۆبەخشەکان بە تەواوەتی.
5. لاوازیی فیدباکی ستراتیجی و بەڵگەکردن. (توثیق).
6. لاوازیی بەدواداچوون پاش تەواوبوونی بەرنامە و پرۆژەکان.
7. لاوازیی ئەوپەڕی سوود وەرگرتن لە ئامرازە تەکنەلۆجییەکان.

ژینگەی دەرەکی:

دەرفەتەکان:

1. دەرفەت هەیە بۆ جەخت خستنە سەر پرۆژەی ئاشتی و ئاشتەوایی نیشتمانی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مەدەنی لەلای کۆمەڵگە و ئاخاوتن لەگەڵ کۆمەککاران بۆ تەمویلی پرۆژەی لەم جۆرە
2. دەرفەت هەیە بۆ پێکهێنانی هاوبەشیی ڕاستەقینە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر بۆ چاکترکردنی دەرفەتی کێبڕکێ و زیادکردنی فشار
3. دەرچوونی لەسەرخۆی عێراق لە پابەندێتییەکانی لە بەرامبەر ماندات و سزا نێودەوڵەتییەکان دەرفەتێکی گەورە دەبێت بۆ پرۆسەی گەشەسەندن و بەشداریی دەستگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا بە کارایی.
4. ئاڕاستەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتییە گەورەکان بۆ تەمویلی بەرنامەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ئاستەنگەکان:

1. کەمیی هۆشمەندی سەبارەت بایەخی دەستگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڕەشەیە بۆ سەر کەمیی بەشداریی کۆمەڵگەکە لە دەستنیشانکردنی پێویستییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکان
2. ئەگەری کەمبوونەوەی تەمویل و ڕاوەستانی هەندێک ڕێکخراو لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان لە عێراق
3. ڕەوشی ئاسایش و کێشەی تایەفەگەری.
4. هەوڵدان بۆ بە سیاسیکردن و حزبایەتیکردنی ڕێکخراوەکان.
5. زەحمەتیی تایبەتمەندێتیی ڕێکخراوەکان.
6. زەحمەتیی بەدەستهێنانی زانیاری.

7. بەردەوامیی تەحەفوزی حکومەتی عێراق لەسەر هەندێک ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی.
8. کۆنترۆڵی هێزە تەقلیدییەکان بەسەر بیروبۆچوونی خەڵک، ئەمەش کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان زەحمەت دەکات

پارێزگاریی لە خێزان و منداڵان

هەڵبژاردنی ناونیشانی (پارێزگاریی لە خێزان و منداڵان) وەک تایبەتەمندییەک بۆ کاری ڕێکخراوەکە لە قۆناغی داهاتوودا لەبەر ئەم هۆیانە:

1. هەڵسەنگاندنی کاری سالانی ڕابردوو ئەوە دەردەخات کە نیشاندەری ڕێکخراوەکە بەرەوپێش چووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی مرۆیی بۆ خێزانەکان بە گشتیی و بۆ ژنان و منداڵان بە تایبەتی
   - ژمارەی سوودمەندان بە شێوەی ڕاستەوخۆ: 383218
   - ژمارەی سوودمەندان بە ناڕاستەوخۆ : 71 ڕێکخراو

گروپی سوودمەند:

منداڵ	ژن	لاو	زیندانی	مرۆڤ، بە گشتیی
%36	%35	%2	%1	%26

2. کەڵەکەبوونی پسپۆڕی لەم بوارەدا لەلای کادر و خۆبەخش.
3. هەبوونی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کۆمەککاران لەم بوارەدا.
4. هەبوونی هاوبەش لە دەستگا فەرمییەکان و ڕێکخراوەکانی تر کە پشتگیری ئەم بوارە دەکەن.
5. کەمیی ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی کێشەکە.

ڕێکخراوەکە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی لە پلانی ستراتیجیدا داڕشتووە بە گوێرەی ئامانجەکەی لە دووتوێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەکەدا:

ئامانج: پتەوکردن و پیادەکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە ڕێی پڕۆژەی گەشەسەندنی بەردەوام، لە پێناو بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر.
ئامانجی گشتیی: کارکردن بۆ پاڕێزگاریی لە خێزان و منداڵ وەک بەشێک لە پیادەکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.

لەبەرئەوەی ناونیشانەکە (پاڕێزگاریی لە خێزان و منداڵ) پێویستی بەوەیە کە بوارەکانی ڕوون بکەینەوە بە شێوەیەکی تێروتەسەل، بۆیە ئەم تەوەرە سەرەکییانە دەستنیشان کراوە:



لقەکان و بوارەکانی هەر تەوەرێک لەناو پلانی ستراتیجیی ڕێکخراوەکەدا ڕوون کراوەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

پارێزگاریی یاسایی:

ئامانجی لاوەکیی 1: بنیاتنانی ژینگەیەکی گونجاوی یاسایی بۆ خێزان و منداڵانی عێراق.

بـۆ بەجێهێنـانی ئامـانجی یەکەم دەتوانرێـت ئەم بەرنـامە و پـرۆژانە جێبەجێ بکرێت:

1. فشار بۆ چەسپاندنی ئازادییە گشتیی و تایبەتییەکان.
2. فشـار بـۆ دەرکردنـی یاسـای پاراسـتنی منـداڵ، و دەسـتکاریی یاساکانی تر تا بگونجێن لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.
3. فشار بۆ چالاککردنی یاساکانی دژایەتی توندوتیژی و جیاکاری دژی ژنان.
4. لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە بۆ سنووردانان بۆ توندوتیژی ناو خێزان.
5. درێژەدان بە کار بۆ پارێزگاریی یاسایی تووێژە نەدارەکان.
6. دادپەروەریی بۆ نەوجەوانان.
7. دادپەروەریی بۆ زیندانیان.
8. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی یاسایی

پارێزگاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستیی:

ئامانجی لاوەکیی2 :کارکردن بۆ چاکترکردنی رەوشی کۆمەڵایەتیو تەندروستی.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دووەم دەتوانرێت لەم بوارانەدا پرۆژە و بەرنامانە جێبەجێ بکرێت:

1. جێندەر.
2. کارکردنی منداڵان، و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.
3. مافی خوێندن و بنبڕکردنی نەخوێندەواری.
4. خەتەنەکردنی ژنان.
5. ئایدز و ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر.
6. قەیرەیی و بێوەژن و هەتیو.
7. ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر.
8. کۆچی نایاسایی.
9. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

پارێزگاریی ئابووری:

ئامانجی لاوەکی: چاکترکردنی ژیانی خێزانەکان لە بواری ئابووریی‌یەوە لە ڕێی دەرفەتی یەکسانەوە.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم دەتوانرێت لەم بوارانەدا پرۆژە و بەرنامە جێبەجێ بکرێت:

1. مافی کار.
2. ئاسایشی خۆراکی.
3. مافی هاوواڵتی لە سامانەکانی وڵات.
4. دروستکردنی داهات، و مەشقی پیشەیی.
5. پارێزگاریی لە بەکاربەر.
6. شەفافییەت و دژەگەندەڵی.

میکانیزمەکانی کار:

1. هۆشیارکردنەوە.
2. مەشق و ڕاهێنان.
3. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.
4. داکۆکی و فشار.
5. چاودێری و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت.

جێبەجێکردنی پلان،

بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان، بەدواداچوون وچاودێری، هەڵسەنگاندن

جێبەجێکردنی پلان:

ڕێکخراوەکە پشت دەبەستێت بە پلانی کاری ساڵانە، کە لە سەرەتای ساڵی دارایییەوە دەست پێدەکات و لەگەڵی کۆتایی دێت. پلانی ساڵانە لە میانی کۆبوونەوەکانی نووسینگەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ خۆبەخشان، دادەڕێژرێت، ئنجا ڕەوانە دەکرێت بۆ بەشی بەرنامەکان و سەرچاوە مرۆییەکان تا یەکیان بخەن و پێویستییەکانیان بۆ دابین بکەن.

پلانی ساڵانە پشت بە سێ سەرچاوە دەبەستێت لە بواری جێبەجێکردندا:

1. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت بە توانای خود جێبەجێ بکرێن.
2. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت لەگەڵ هاوبەش جێبەجێ بکرێن.

3. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت لە ڕێی پێشکەشکردنی پرۆژە بۆ لایەنە کۆمەککارەکان جێبەجێ بکرێت.

ئەم پلانە ساڵانە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەکرێت، و پلانێکی نوێ بە هەمان میکانیزم بۆ ساڵی داهاتوو دادەڕێژرێت، بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی سێ ساڵەی ستراتیجی.

سەرچاوە مرۆییەکان:

سەرچاوە مرۆییەکان: ژمارەیەکی زۆر خۆبەخش لەگەڵ ڕێخکراوەکە کار دەکەن، سەرەڕای چەند کارمەندێک بە گرێبەست لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەکەدا. ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی کارمەندان گەیشتە ٧٣ کەس و ژمارەی خۆبەخشان گەیشتە ١٤٦. بە سێ شێواز سەرچاوە مرۆییەکان بەڕێوە دەبرێت، وەک:

1. کارمەند بە گرێبەست: پۆستەکە وەک دەرفەتی یەکسان ڕادەگەیەرێت و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێت کە سی ڤییان پێشکەش کردووە، پاشان گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت و ماف و ئەرکەکان و وەسفی وەزیفیان بۆ ڕوون دەکرێتەوە.
2. خۆبەخش: هەموو هاوواڵاتییەک مافی هەیە فۆرمی خۆبەخشی پڕ بکاتەوە، لە ڕێی ئاوێتەکردنی خۆبەخشەکانەوە لە بەرنامە و پرۆژە خێرخوازییەکاندا سوود لە تواناکانیان وەردەگیرێت.
3. خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی گرێبەست و خۆبەخشان ساز دەکرێت بۆ مەشقپێکردنیان و ئاشناکردنیان بە پرەنسیپ و بەهاکانی ڕێکخراوەکە، سەرەڕای بواری کارەکەیان.

سەرچاوە داراییەکان: رێکخراوەکە کار دەکات بۆ ئەوەی خۆی کاروبارە داراییەکانی خۆی بەڕێوە ببات، و کار دەکات بۆ دابینکردنی سەرجەم پێویستییەکانی کار لە ژینگەی کاردا بۆ کارمەندان، و پارە بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ پرۆژەکان تەرخان دەکات. وەک:

1. بە هاوبەشیی لەگەڵ رێکخراوەکان و لایەنە کۆمەککارەکانی پرۆژەکان.
2. حساباتی پرۆژەکە دەخرێتە ژێر چاودێری و پاش کۆتایی ساڵی دارایی، بڵاودەکرێتەوە.
3. بودجەیەکی مەزەندەکاری بۆ ساڵەکە دادەنرێت، بۆ داپۆشینی خەرجییەکانی کارەکان.
4. حسابێکی بانک دەکرێتەوە و سیستمی دارایی پیادە دەکرێت.

بەدواداچوون و چاودێری:

لە رێی ئەم میکانیزمانەی خوارەوە بەدواداچوون چاودێری ئەنجام دەدرێت:

1. ناردنی ڕاپۆرتی مانگانە بۆ نووسینگەکان و ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی دارایی، سەرەڕای ڕاپۆرتی تایبەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان.
2. سازدانی کۆبوونەوەی مانگانە لە لایەن دەستەی کارگێڕییەوە، و سازدانی کۆبوونەوەی بەرفراوانی ساڵانە و کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ بەڕێوەبەری نووسینگەکان و پرۆژەکان.

3. سەردانی مەیدانی بۆ نووسینگە و پرۆژەکان.
4. بەڵگەنامەکردن (توثیق)ی چالاکییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر، بۆ نموونە وێنەگرتن بە ڤیدیۆ، کامێرا.
5. دڕێژەدان بە پەیوەندیی لەگەڵ هاوبەشەکان و کۆمەککارەکان و سوودمەندان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوونی کارەکان.

هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندن بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کار و ڕاستکردنەوە، ئەمەش بە شێوازی جۆراوجۆر دەکرێت:

یەکەم: کۆبوونەوە

6. کۆبوونەوە سەبارەت بە پرۆژەکان: لە کۆتایی هەر پرۆژەیەکدا کۆبوونەوەیەکی هەڵسەنگاندن دەکرێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆژەکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکان.
7. کۆبوونەوەی سالانە: کۆبوونەوەی سالانە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی ساڵاکە و پلاندانان بۆ ساڵی داهاتوو ساز دەکرێت، بە ئامادەبوونی سەرجەم سەرکردایەتییەکانی ڕێکخراوەکە.
8. کۆنگرەی ڕێکخراوەکە: سێ ساڵ جارێک کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوەکە دەبەستێت و هەموو ئەندامان ئامادە دەبن، بە مەبەستی پێداچوونەوەی پلانی ستراتیجی.

دووەم: هەڵسەنگاندن بە بەشداریکردن.

پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە بەشداریکردن بریتییە لە بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و سوودمەندەکان لە ڕێی کۆبوونەوە، فۆرم، یان بەشداریی لە کۆبوونەوەی تایبەت بە پرۆژەکە.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی دەرەکی

ڕێکخراوەکە جۆرێکی تر لە هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دەرەکی، واتە داوا لە دەستگایەکی دەرەکی دەکرێت سەرجەم کارەکان یان هەندێک لە کارەکان یان پلانی ستراتیجی هەڵبسەنگێنێت.

چاپتەری چوارەم

پلانی جێبەجێکاری بۆ ماوەی یەک ساڵ

ڕێکخراوی .....
پلانی کاری ساڵانە
2011

ئامانجی گشتیی: العام : کارکردن بۆ پارێزگاری لە خێزان و منداڵەک بەشێک لە پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ.

ڕێکخراوەکە پشت دەبەستێت بە پلانی کاری ساڵانە بە گوێرەی پلانی ستراتیجی ٢٠١١-٢٠١٣، کە لە سەرەتای ساڵی دارایەوە دەست پێدەکات و لەگەڵی کۆتایی دێت. پلانی ساڵانە لە میانی کۆبوونەوەکانی نووسینگەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ خۆبەخشان، دادەڕێژرێت، ئنجا ڕەوانە دەکرێت بۆ بەشی بەرنامەکان و سەرچاوە مرۆییەکان تا یەکیان بخەن و پێویستییەکانیان بۆ دابین بکەن.

پلانی ساڵانەی ڕێکخراوەکە و نووسینگەکانی ..... پشت بە سێ سەرچاوە دەبەستێت لە بواری جێبەجێکردندا:

1. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت بە توانای خود جێبەجێ بکرێن.
2. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت لەگەڵ هاوبەش جێبەجێ بکرێن.
3. ئەو چالاکییانەی دەتوانرێت لە ڕێی پێشکەشکردنی پرۆژە بۆ لایەنە کۆمەککارەکان جێبەجێ بکرێت.

پارێزگاری له خێزان و منداڵان
پارێزگاریی یاسایی

ئامانجی لاوەکیی 1: بنیاتنانی ژینگەیەکی یاسایی گونجو بۆ خێزان و منداڵانی عێراق

بۆ بەجێهێنانی ئامانجی یەکەم دەتوانرێت ئەم بەرنامە و پرۆژانە جێبەجێ بکرێت:

1. فشار بۆ چەسپاندنی ئازادییە گشتیی و تایبەتییەکان.
2. فشار بۆ دەرکردنی یاسای پاراستنی منداڵ، و دەستکاریی یاساکانی تر تا بگونجێن لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.
3. فشار بۆ چالاککردنی یاساکانی دژایەتی توندوتیژی و جیاکاری دژی ژنان.
4. لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە بۆ سنووردانان بۆ توندوتیژی ناو خێزان.
5. درێژەدان بە کار بۆ پارێزگاریی یاسایی تویژە نەدارەکان.
6. دادپەروەریی بۆ نەوجەوانان.
7. دادپەروەریی بۆ زیندانیان.
8. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی یاسایی

ناوی پڕۆژەیان چالاکی	چالاکییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە	دەرکردەکان یان ژ. سوودمەندەکان	ماوەی زەمەی	بودجەی مەزەندەکراو	لایەنی کۆمەکار	پارێزگا، شوێن

پارێزگاریی لە خێزان و منداڵان

پارێزگاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی:

ئامانجی لاوەکیی 2 : کارکردن بۆ چاکترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دووەم دەتوانرێت لەم بوارانەدا پڕۆژە و بەرنامانە جێبەجێ بکرێت:

1. جێندەر.
2. کارکردنی منداڵان، و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.
3. مافی خوێندن و بنبڕکردنی نەخوێندەواری.
4. خەتەنەکردنی ژنان.
5. ئایدز و ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە.
6. قەیرەیی و بێوەژن و هەتیو.
7. ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر.
8. کۆچی نایاسایی.
9. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

ناوی پڕۆژەیان چالاکی	چالاکییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە	دەرکردەکان ی سوودمەندەکان ژ.	ماوەی زەمەی	بودجەی مەزەندەکراو	لایەنی کۆمەک کار	پاڕێزگا، شوێن

پاڕێزگاریی ئابووری:

ئامانجی لاوەکی: چاکترکردنی ژیانی خێزانەکان لە بواری ئابووریيەوە لە ڕێی دەرفەتی یەکسانەوە.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم دەتوانرێت لەم بوارانەدا پڕۆژە و بەرنامە

جێبەجێ بکرێت:

1. مافی کار.
2. ئاسایشی خۆراکی.
3. مافی هاوواڵاتی لە سامانەکانی وڵات.
4. دروستکردنی داهات، و مەشقی پیشەیی.
5. پاڕێزگاریی لە بەکاربەر.
6. شەفافییەت و دژەگەندەڵی.

ناوی پڕۆژەیان چالاکی	چالاکییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە	دەرکردەکان ی.ژ. سوودمەندەکان	ماوەی زەمەی	بودجەی مەزەندەکراو	لایەنی کۆمەککار	پارێزگا، شوێن

سەرنج:

بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیجە، پێویستە پشت بە چەند میکانیزمێکی کار ببەستین، وەک:

1- هەڵمەتی هۆشیاری.
2- مەشق و ڕاهێنانەوە.
3- لێکۆڵینەوە و توێژینەوە
4- داکۆکی و فشار
5- چاودێری و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت.

USAID | العراق
من الشعب الامريكي

MercyCorps
Be the change

ICNL

Internews
Local voices. Global change.

Mercy Hands
For Humanitarian Aid
جمعية أيادي الرحمة الأنسانية

PAO